مجلة فصلية محكمة تصدرها كلية
التربية للعلوم الإنسانية ـ جامعة كركوك

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

مجلة فصلية صادرة من
كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك
Issn 1992 - 1179
العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001
رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

مجلة فصلية صادرة من كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك

ISSN 1992 - 1179

العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001
رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009

E. mail
kujhs@uokirkuk.edu.iq

رئيس التحرير
الأستاذ الدكتور
مراد إسماعيل أحمد

29 تموز 2025

## أعضاء هيئة التحرير

| ت | الاسم | اللقب العلمي | البلد | الاختصاص | مكان العمل | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | د. مراد إسماعيل احمد | أستاذ | العراق | الجغرافية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | رئيس هيئة التحرير |
| 2 | د. حيدر عادل محمد | مدرس | العراق | اللغة التركية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | مدير هيئة التحرير |
| 3 | د. مشاري عبد العزيز محمد الموسى | استاذ | الكويت | اللغة العربية | جامعة الكويت كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 4 | د. سيد صادق عوض الله احمد | استاذ | مملكة البحرين | اللغة الإنكليزية | جامعة البحرين كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 5 | د. نازان توتاش | أستاذ | تركيا | اللغة الإنكليزية | جامعة انقرة كلية اللغات | عضو هيئة تحرير دولي |
| 6 | د. فهد عباس سليمان | أستاذ | العراق | التاريخ | جامعة كركوك كلية التربية للبنات | عضو هيئة هيئة تحرير |
| 7 | د. نور الله جتين | استاذ | تركيا | اللغة التركية | جامعة انقرة كلية اللغات | عضو هيئة تحرير دولي |
| 8 | د. كمال عبد الله حسن | استاذ | العراق | الجغرافية | جامعة الانبار كلية الاداب | عضو هيئة تحرير |
| 9 | د. زانيار فائق سعيد | استاذ | العراق | اللغة الانكليزية | جامعة السليمانية | عضو هيئة تحرير |
| 10 | د. جنار عبد القادر احمد | أستاذ | العراق | علوم تربوية ونفسية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 11 | د. دلال علي سليمان زريقات | استاذ | الأردن | الجغرافية | الجامعة الأردنية كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 12 | د. ياسر محمد طاهر | أستاذ | العراق | طرائق التدريس | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الصرفة | عضو هيئة تحرير |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 13 | د. كاروان عمر قادر | استاذ | العراق | اللغة الكوردية | جامعة السليمانية كلية اللغات | عضو هيئة تحرير |
| 14 | د. عصام مصطفى عبد الهادي عقلة | أستاذ مشارك | الامارات | التاريخ | جامعة خورفكان كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 15 | د. ابراهيم بن يحيى بن زهران البوسعيدي | أستاذ مشارك | سلطنة عمان | التاريخ | جامعة السلطان قابوس كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 16 | د. نزيه إبراهيم المناسية البطوش | استاذ | الاردن | الجغرافية | الجامعة الأردنية | عضو هيئة تحرير دولي |
| 17 | د.خالصة الغباري | أستاذ مساعد | سلطنة عمان | اللغة الإنكليزية | جامعة السلطان قابوس كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 18 | د. مهدي قيس عبد الكريم الجنابي | أستاذ مساعد | الامارات | علوم القران | جامعة الشارقة كلية الشريعة والدراسات الإسلامية | عضو هيئة تحرير دولي |
| 19 | د. إسماعيل البر قومسر | أستاذ مساعد | تركيا | اللغة التركية | جامعة دوزجه | عضو هيئة تحرير دولي |
| 20 | د.فارس محمود محمود | أستاذ مشارك | سويسرا | الجغرافية | جامعة بيرن | عضو هيئة تحرير دولي |
| 21 | د. كامل عبد القادر حسين | أستاذ مساعد | العراق | علوم القران | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 22 | د. عز الدين صابر محمد | أستاذ مساعد | العراق | اللغة الكوردية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 23 | د. خالد احمد هواس | أستاذ مساعد | العراق | اللغة العربية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 24 | د. محمد اكبر بور | أستاذ مساعد | ايران | الجغرافية | جامعة ريزا كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 25 | د. علي هادي حسن | أستاذ مساعد | العراق | اللغة العربية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 26 | د. مجيد احميد جدوع الزبيدي | استاذ | العراق | اللغة الإنكليزية | جامعة الانبار كلية الاداب | عضو هيئة تحرير |
| 27 | د. محمد علي شريف | أستاذ مساعد | العراق | اللغة التركية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 28 | د. زينب عصمت صفاء الدين | مدرس | العراق | اللغة الإنكليزية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 29 | د. عماد عبد الله مراد | مدرس | العراق | علوم القران | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |

مقدمة

يشرفني أن أقدم لكم هذه المقدمة التي تسلط الضوء على الدور الحيوي والمهم للبحوث التي يقدمها الباحثون للمجلة، والتي تسهم بشكل فاعل في تعزيز وتطوير مجالات الدراسات الإنسانية. إن المجلة تهدف إلى توفير منصة علمية رائدة لنشر الأعمال الأكاديمية التي تتناول قضايا حيوية في مختلف فروع العلوم الإنسانية، بما في ذلك الفلسفة، وعلم الاجتماع، والأنثروبولوجيا، وعلم النفس، واللغة، والتاريخ، والفنون، وغيرها.

إن الأبحاث المقدمة للمجلة ليست مجرد نتائج لدراسات علمية، بل هي محطات فكرية تعكس تطور المفاهيم والنظريات في هذه المجالات. تعمل هذه الدراسات على طرح حلول للمشاكل المعاصرة، وفهم الظواهر الإنسانية في سياقاتها المختلفة، كما تساهم في تقديم رؤى جديدة لتطوير المجتمع وتعزيز الوعي الثقافي والعلمي.

إن الدور الكبير لهذه البحوث لا يتوقف عند نشر المعرفة فقط، بل يتعداه إلى تحفيز التفكير النقدي والإبداعي، ودعم الجهود الأكاديمية في بناء قاعدة معرفية متينة تُسهم في تحريك عجلة التغيير والتطور في المجتمعات الإنسانية. ولذلك، فإننا نعتبر هذه البحوث أداة أساسية في تطوير الفكر الإنساني، ودعم المساعي المستمرة لتحسين جودة الحياة البشرية عبر أبعادها المختلفة.

نتطلع في المجلة إلى استقبال مزيد من الدراسات الرصينة التي تثرينا وتوسع آفاقنا العلمية، مؤمنين بأن هذه الإسهامات العلمية هي حجر الزاوية في بناء مستقبل أكثر إشراقاً في مجال الدراسات الإنسانية.

**رئيس هيئة التحرير**

**ا. د. مراد إسماعيل احمد**

**شروط وقواعد النشر في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية**

1. تسلم نسخة الكترونية من البحث عبر الموقع ( https://kujhs.uokirkuk.edu.iq ) تحت برنامج Microsoft Word بصيغة doc او بصيغة dox.
2. يطبع البحث بواسطة الحاسوب بمسافات واحدة بين الأسطر شريطة أن لايزيد عدد صفحاته عن 25 خمس وعشرين صفحة وبواقع (5000 الى 10000 ) كلمة، ونوع الخط Simplified Arabic بما في ذلك الجداول، مع تنسيق محدد مسافة 1.5، خط بحجم 14، على ورق A4. للبحوث الخاصة باللغة العربية، يُكتب البحث بخط (Times New Roman) للغة الإنجليزية و التركية بحجم خط (14) على ورق مقاس(A4). اما بالنسبة اللغة الكوردية فونت كوران Kurdfonts.
3. تقديم سيرة علمية مختصرة للباحث أو الباحثين مرفقة مع البحث وتكون منفصلة.
4. تكتب أسماء الباحثين الثلاثية باللغة العربية والإنجليزية كما تذكر عناوين وظائفهم الحالية ورتبهم العلمية.
5. إقرار من المؤلف يؤكد أن البحث لم يسبق نشره وليس قيد النشر في مجلة أخرى.
6. العناوين الرئيسة والفرعية تستعمل داخل البحث لتقسيم أجزاء البحث حسب أهميتها وبتسلسل منطقي وتشمل العناوين الرئيسة: عنوان البحث، الملخص، الكلمات الدالة، المقدمة، إجراءات البحث، الشرح، الاستنتاج، المراجع.
7. يرفق مع البحث ملخص باللغة العربية وباللغة الإنجليزية على أن لاتزيد كلمات الملخص عن (250) كلمة.
8. تكتب بعد الملخص الكلمات الدالة للبحث.
9. تطبع الجداول والأشكال والخرائط داخل المتن وترقم حسب ورودها في البحث وتزود بعناوين ويشار إلى كل منها بالتسلسل.
10. يجوز نشر البحث إذا كان مستلًا من أطروحة أو رسالة دكتوراه أو ماجستير، بشرط ألا تكون هذه الرسائل منشورة أو مقبولة للنشر، ويجب الإشارة إلى هذا في الصحيفة الأولى وقائمة المراجع، والإفصاح عن ذلك في الإقرار والتعهد.

11. يلتزم الباحث بدفع النفقات المالية المترتبة على إجراءات التقويم في حال طلبه سحب البحث ورغبته عدم متابعة إجراءات النشر.

12. يمنح الباحث مدة أقصاها ثلاثة اشهر لإجراء التعديلات على بحثه إن وجدت ومن حق المجلة بعد ذلك الغاء الملف البحثي تلقائيا في حال تجاوز المدة المذكرة أعلاه.

13. التوثيق ( قائمة المراجع )

أ. يُشترط اتباع أسلوب الكتابة وفقًا لمعايير APA النسخة السابعة (الجمعية الأمريكية لعلم النفس )، ويجب الالتزام بالدقة في الاستشهادات وتنسيق القائمة المرجعية وفقًا لهذه المعايير، لضمان الوضوح والتناسق في تقديم البيانات والمعلومات العلمية.

ب. يشار إلى المراجع في المتن بالاسم الأخير للمؤلف وسنة النشر والصحيفة، مثال: علي عبد عباس العزاوي ( العزاوي، 2008: 214) أو ( العزاوي، 2008).

ت. يجوز في بحوث علوم القرآن والتأريخ الإسلامي توثيق المراجع من خلال تهميش المراجع باستعمال الأرقام المتسلسلة بين قوسين هكذا (1) ، (2) ، (3) وتبين في آخر البحث تفاصيل المراجع حسب تسلسلها وتوضع قبل قائمة المصادر والمراجع.

ث. توثق المصادر والمراجع في قائمة واحدة في نهاية البحث وترتب هجائيا حسب الاسم الأخير للمؤلف مثل:

(اسم العائلة، الاسم الأول للمؤلف، (سنة النشر )، عنوان الكتاب، رقم الطبعة، مدينة النشر، در النشر )، مثال:

شحاذة ، نعمان 2011، التحليل الإحصائي في الجغرافية والعلوم الاجتماعية، عمان – الأردن، دار صفاء للنشر والتوزيع.

ج. أما الدوريات: فيبدأ بذكر الاسم الأخير للمؤلف، ثم بقية الاسم كاملاً، ثم توضع سنة النشر بين حاصرتين. ثم عنوان البحث. ثم اسم المجلة غامق، ثم مكان صدورها، ثم رقم المجلد، ثم رقم العدد، ثم أرقام الصفحات.

14. يستشهد الباحث ببحثين على الأقل منشورين في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

15. عمل استلال للبحث في مركز الحاسبة الصادر من رئاسة الجامعة.

16. على الباحث دفع أجور النشر البالغة: (150.000) مائة الف دينار عراقي واذا زاد عدد الصفحات عن (25) خمس وعشرين صحيفة فسوف يتم استيفاء الأجور بواقع (5.000) خمسة الاف دينار لكل صفحة.

17. تجري هيئة تحرير المجلة التقييم الأولي للبحث، ثم يُعرض على محكّمين من ذوي الخبرة العلمية في مجال التخصص، وتلتزم المجلة بإخطار الباحث بالقرار النهائي بشأن الموافقة على النشر من عدمها على أن يلتزم الباحث بإجراء التعديلات التي قد يطلبها المحكمون من أجل إجازة البحث أو الدراسة للنشر في المجلة.

18. ترسل البحوث وجميع المراسلات المتعلقة بالمجلة الى موقع المجلة.

## فهرست البحوث المنشورة

### بحوث علوم القران


| ت | عنوان البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | آثار الإلحاد المعاصر في حياة المجتمعات وسبل الوقاية منه | تغلب خليل إبراهيم<br>أ. د. محمد خليل إبراهيم | 1-45 |


### بحوث العلوم النفسية و التربوية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | أثر أنموذج التعلم ثنائي الموقف في تحصيل طلاب الصف الخامس الأدبي في مادة القرآن الكريم والتربية الاسلامية وتنمية تفكيرهم المنظومي | م. م علي حسين عبدالله إبراهيم | 46-76 |
| 2 | إثر استراتيجية حوض السمك في تجهيز معلومات طلاب الصف الخامس الأدبي في مادة التاريخ وتنمية تفكيرهم الجانبي | م. د اسماعيل حماش جاسم | 77-113 |


### بحوث الجغرافية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | تأثير السدود على التنمية الريفية المستدامة، دراسة حالة سد شيان، محافظة كرمانشاه، إيران | اثير عزمي<br>ديدار اسود علي<br>طيب طالب حمه خان | 114-141 |

## بحوث التاريخ


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | **النتاج العلمي لعلماء المغرب العربي والأندلس في حقل التأليف من خلال كتاب وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان لابن خلكان (ت 681هـ/1282م)** | ساهرة فاضل عواد ششو<br>أ. د. عذال إبراهيم حسين | 142-183 |
| 2 | **السياسة البريطانية تجاه مصر 1914-1936 دراسة تاريخية** | م.م مدحت حماش جاسم | 184-211 |
| 3 | **تلوث مياه شط العرب بنفط شركة النفط الانكليزية-الفارسية وانعكاسه على العلاقات العثمانية-البريطانية قبل الحرب العالمية الاولى دراسة من خلال الوثائق** | ا. م. د. عيدان شبيب سليم الصباحي | 863-885 |


## بحوث اللغة التركية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | تحليل قصيدة " بيتنا القديم" للشاعرة نسرين أربيل | ايلاف سالار أنور<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 212-236 |
| 2 | دراسة مقارنة بين الأمثال التركية والكردية | م.م. ايمان ازاد صادق | 237-257 |
| 3 | دراسة حول المساهمة التاريخية للسلطان مظفر الدين كوكبورو في أربيل | أيناس سالار أنور<br>د. نازناز به هجه ت توفيق | 258-272 |
| 4 | اللواحق الظرفية في اللغة التركية واللهجة البهدينية للغة الكردي | حلبشيما محمد شريف<br>د. گـۆران صلاح الدين شكر | 273-298 |
| 5 | مقارنة بين الصوامت التركية والتركمانية العراقية اربيل اتموذجا | زينب صديق صابر<br>أ.م.د.حازم برهان نجار | 299-327 |
| 6 | التدهور الاجتماعي والأخلاقي في قصائد رضا چولاك أوغلو | نازناز عدنان سمين<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 328-364 |
| 7 | دراسة اجتماعية وسياسية حول قصة "مجه حمال" لكمال بياتلي | هدى أبراهيم مصطفى<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 365-389 |

## بحوث اللغة العربية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | اثر استراتيجية صندوق الحروف القائمة على التعلم النشط في تنمية مهارات القراءة لدى تلميذات الصف الثاني ابتدائي | م. د. علي احمد حسين حمد السبعاوي | 390−429 |


## بحوث اللغة الانكليزية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | الديستوبية القوطية لفيليب ريدلي: صدمة الطفولة وعالم ما بعد 11 سبتمبر | م.م.آلاء موفق مصطفى الخزرجي | 430−457 |
| 2 | موضوعة الأرض الخراب في قصيدة "العواء" لألين غينسبرغ | ا.م.د حسين كاظم جلاب | 458−472 |

# بحوث اللغة الكردية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | المبادئ الأيديولوجية اللغوية في بنية اللغة الكردية | أ.م. ادريس حمەمراد مجيد<br>أ.د. كاروان عمر قادر | 473-500 |
| 2 | التمرد فى الشعر عبدالله بشيو | احمد صادق خورشيد<br>أ.م.د.عزالدين صابر محمد | 501-524 |
| 3 | (القضايا والإشكاليات الاجتماعية في روايات عطا محمد) | وريا برهان نورى<br>م. د. آشتى حسين عارف | 525-548 |
| 4 | أسباب التشاؤم في أشعار أحمد هردى | أمجد رحمان قادر<br>أ.د. سردار أحمد كردي | 549-582 |
| 5 | معالجة اللغة في معجم عقلي ثنائي اللغة | م. د. باخان سرحد عبدالرحمن<br>م. د. تانيا إسماعيل حمه امين | 583-624 |
| 6 | انعكاس الصراع النفسي في رواية بختيار علي (قصر الطيور الحزينة) | افين عبد القادر خليفه<br>ا.م. كويستان جمال سلام | 625-652 |
| 7 | المدح في الشعر الكردي عند الشيخ رضا الطالباني | جيكر قادر عمر<br>أ.د. سردار أحمد كردي | 653-681 |
| 8 | عنصر المكان و الغرابة في روايتي هيوا قادر (القصر الأحمر و طفل علئ القمر) | ريباز قادر ياسين<br>أ.د. مهدي فاتح عمر | 682-713 |
| 9 | اكتساب اللغة وتعلمها عند الطفل في لهجة السليمانية والهورامية | م . سالم حسن عەزيز<br>ا. د. بەكر عمر على | 714-750 |
| 10 | تعلم اللغة الثانية من خلال الصور الذهنية(اللغة الانجليزية نموذجآ) | آ.د.عبدالواحد مشير محمود<br>د.ڕێژنه سيف الدين حسن | 751-778 |
| 11 | التاريخانية الجديدة" وتطبيقاته في رواية "نيشتمانى سارا" لـ 'ميران ابراهام' | م. كانياو بكر عبدالله<br>ا. د.شنۆ محمد محمود | 779-807 |
| 12 | عملية التسمية في الحفاظ على اللغة الكردية | هيمن محمود قادر<br>ا.م.د. مصطفى رضا مصطفى | 808-862 |

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

Kirkuk University Journal of Humanities Studies

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq

*DOI: 10.32894/1992-1179.2025.158974.1176*

**Date of research received 09/04/2025, Revise date 12/05/2025 and accepted date 22/05/2025**

# The Naming process in the Preservation Kurdish Language

**Hemin Qadir Mahmood**

**Assist. Prof. Dr. Mustafa Raza Mustafa**

**Abstract**

This research entitled (The Naming process in the Preservation Kurdish Language), naming process as a social phenomenon and one of the most important processes in language. Human for the sake of giving himself identity, recognition, differentiation and classification of things, phenomena and events around him, has named himself and different things. Names reflect and mirror various aspects of human life. Therefore, Naming varies according to different nations. Because each nation has its own unique (environment, culture, history, religion, beliefs, reality, etc.). This has led to the same thing or phenomenon having different names among nations. Therefore, each nation names things based on its own understanding and worldview. In this research, we have focused on naming as it relates to Kurdish language preservation and the introduction and preservation of culture, as well as the influence of culture and society on naming, then the role and the impact of technology, globalization, and foreign languages on naming practices. Then the role and impact of technology, globalization and foreign languages on naming is discussed, the connection between the naming process and national identity and the impact of naming on national identity is highlighted, Finally, the causes and sources of naming have been explained.

**Keywords**: Naming process, Culture and Society, Technology, Globalization,

# عملية التسمية في الحفاظ على اللغة الكردية

**هيمن محمود قادر**[1]

**ا.م.د. مصطفى رضا مصطفى**[2]

## الملخص

البحث بعنوان (عملية التسمية في الحفاظ على اللغة الكردية). تعتبر عملية التسمية كظاهرة اجتماعية، واحدة من أهم عمليات اللغة، حيث يقوم الإنسان من أجل إعطاء هوية لنفسه، والتعرف على الأشياء والظواهر والأحداث المحيطة به وتمييزها وتصنيفها، لقد سمى نفسه ولاشياء مختلفه. تعكس الأسماء جوانب متنوعة من حياة الإنسان، وبالتالي تختلف التسمية باختلاف الأمم، لأن كل أمة لديها (بيئة، ثقافة، تاريخ، دين، معتقدات، واقع، ...إلخ) خاصة بها. وهذا أدى إلى أن يكون للشيء أو الظاهرة نفسها أسماء مختلفة بين الأمم، لذلك تسمي كل أمة الأشياء بناء على فهمها ورؤيتها للعالم. في هذا البحث، ركزنا على التسمية المرتبطة بالحفاظ على اللغة الكردية وتعريف الثقافة والحفاظ عليها، بالإضافة إلى تأثير الثقافة والمجتمع على التسمية. ثم تم مناقشة دور وتأثير التكنولوجيا والعولمة واللغات الأجنبية على التسمية، مع تسليط الضوء على العلاقة بين عملية التسمية والهوية الوطنية وتأثير التسمية على الهوية الوطنية. في النهاية، تم توضيح العوامل ومصادر التسمية.

**الكلمات المفتاحية:** الاسم، عملية التسمية، الثقافة والمجتمع، التكنولوجيا، العولمة، اللغة الأجنبية، الهوية، مصادر التسمية.

[1] طلبة الماجستير في اللغة، قسم الكردي، كلية التربية، جامعة جرموو hemn.qadr@chu.edu.iq

[2] قسم الكردي، كلية التربية، جامعة جرموو mustafa.mustafa@chu.edu.iq

# پێواژۆی ناونان لە پاراستنی زمانی کوردیدا[3]

پ.ی.د. مستەفا ڕەزا مستەفا: بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە – زانکۆی چەرموو

هێمن قادر مەحمود: بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە – زانکۆی چەرموو، خوێندکاری ماستەر

**پوختە:**

پێواژۆی ناونان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە پێواژۆ گرنگەکانی زمان، کە مرۆڤ لەپێناو پێدانی ناسنامە بە خۆی، ناسینەوە و جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی شت و دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەری، ناوی لە خۆی و شتە جیاوازەکان ناوە، ناوەکانیش ڕەنگدانەوە و ئاوێنەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤن، بۆیە ناونان بەپێی نەتەوە جیاوازەکان دەگۆڕێت، چونکە هەر نەتەوەیەک (ژینگە، کەلتور، مێژوو، ئایین، بیروباوەڕ، کەتوار، ...هتد)ی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی هەمان شت یان دیاردە ناوی جیاوازی هەبێت لەناو نەتەوەکاندا، بۆیە هەرنەتەوەیەک لە ڕوانگەی تێگەیشتن و دنیابینیی خۆیەوە ناو لە شتەکان دەنێت. لەم توێژینەوەیەدا ناونان پەیوەست بە پاراستنی زمانی کوردی و ناساندن و پاراستنی کەلتور، هەروەها کاریگەریی کەلتور و کۆمەڵگا لەسەر ناونان خراوەتەڕوو، پاشان ڕۆڵ و کاریگەریی تەکنەلۆجیا و جیهانگیری و زمانی بیانی لەسەر ناونان باسکراوە، پەیوەندیی نێوان پێواژۆی ناونان و ناسنامەی نەتەوەیی و کاریگەریی ناونان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی تیشکی خراوەتەسەر، لە کۆتاییشدا هۆکار و سەرچاوەکانی ناونان ڕوونکراوەتەوە.

**کلیلە وشە**: ناو، پێواژۆی ناونان، کەلتور و کۆمەڵگا، تەکنەلۆجیا، جیهانگیری، زمانی بیانی، ناسنامە، سەرچاوەکانی ناونان.

[3] ئەم توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا هەڵێنجراوی نامەی ماستەری خوێندکار: (هێمن قادر مەحمود)ە، بە ناونیشانی " پێواژۆی ناونان لە زمانی کوردیدا (ڕاگەیاندنی بینراو بە نموونە).

## پێشەکی:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (**پێواژۆی ناونان لە پاراستنی زمانی کوردیدا**)یە، لە چوارچێوەی زانستی زمانی کارەکی و بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتیدایە، بەپێی ڕێبازی پەسنیی شیکارییە. هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکەش ئەوەیە ناو بەشەئاخاوتنێکی گرنگی زمانە و ناونانیش وەک پێواژۆیەکی بەردەوام و گرنگی زمان، کاریگەریی لەسەر زمان و لایەنەکانی تری ژیانی مرۆڤ هەیە و بەردەوامیش لە گۆڕاندایە. ناوەکان ئاوێنەی تێڕوانین و دنیابینیی مرۆڤەکانن، هەڵگری ڕەهەند و مانا و چەمکی جیاوازن. ڕەنگدانەوەی لایەنەکانی (کەلتور، دابونەریت، مێژوو، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، ئایین، ڕۆشنبیری، ...هتد) و ژیانی هەمەلایەنەی مرۆڤن، هەموو ئەو لایەنانەش کاریگەرییان لەسەر ناونانەکان دەبێت، هەروەها لەم سەردەمەدا جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لە هەموو بوارەکاندا و داهێنانە بەردەوامەکان لە کەرەستە و شت و چەمکی نوێ، بوونەتە هۆکاری سەرهەڵدانی چەندین (ناو، وشە، دەستەواژە)ی نوێ. لەبەرئەوەی نەتوانراوە ناوی کوردی بەرانبەر زۆریان دابنرێت. وشە و ناوێکی زۆر بە ناوە بیانییەکەیەوە هاتووەتە نێو زمانی کوردی و کاریگەریی لەسەر زمانەکە داناوە، بەجۆرێک ئەو ناوە بیانیانە لە (ناونانی مرۆڤ و تابلۆی شوێنی کار و کارگە و شوێنی نیشتەجێبوون و ئەکادیمیا و دەزگا هەمەجۆرەکان و ...هتد)دا دەبینرێن و ڕەنگیانداوەتەوە. تەنانەت کاریگەرییەکی خراپیان لەسەر زمانی کوردی و ناسنامەی نەتەوەییشمان داناوە.

هەیکەل و پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە لەم بابەتانە پێکهاتووە: ناو و پێواژۆی ناونان، پەیوەندیی نێوان ناو و ناونان، گرنگی پێواژۆی ناونان لە پێشکەوتن و پاراستنی زماندا، کاریگەریی ناونان لە پاراستن و ناساندنی کەلتوردا، ڕۆڵی کەلتور و کۆمەڵگا لە ناوناندا، کاریگەریی تەکنەلۆجیا لەسەر ناونان، کاریگەریی بەجیهانیبوون و زمانی بیانی

لەسەر ناونان، پێواژۆی ناونان پەیوەست بە ناسنامەی نەتەوەییەوە، هۆکار و سەرچاوەکانی ناونان.

**١/١) ناو و پێواژۆی ناونان:**

لە سەرەتای ژیانەوە، مرۆڤ بۆ جیاکردنەوە و ناساندنی شتەکانی دەوروبەری هەوڵیداوە، بیری کردووەتەوە، کە ئەو شتانەی دەوروبەری بە کەرەستەی زمانی ناوبنێت، هەروەک لە دروستکردنی ئادەمەوە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ (وعلم ادم الاسماء کلها) (البقرە: ٣١)، (خودا هەموو ناوێکی فێری ئادەم کرد)، توانای ئەوەی بە حەزرەتی ئادەم بەخشیوە، تاوەکو ناو لە شتەکانی سروشت بنێت. وەک پێویستییەکی سەرەکی بۆ ئاسانکردنی ژیانی مرۆڤ، بۆیە لە مێژەوە مرۆڤ پێواژۆی ناونانی بەسەر کەس و شتەکانی چواردەوری خۆیدا ناوە، بەم شێوەیە (هەر شتێک لە زمانە جیاجیاکاندا ناویان وەرگرت و هەموو شتێک لە دەوروبەری مرۆڤ ناوێکی لێنرا بۆ جیاکردنەوە لەگەڵ ڕەگەزەکانی هاوشانی خۆی، هەر لە بابەتەکانی سروشتەوە تا دیاردە و شتە فیزیکییەکان و نافیزیکییەکانیش ناویان وەرگرت). (عەزیز، ٢٠٠٨، ٣٧). ناو بەشێکی گرنگی زمانە، بۆیە هەر لە مێژەوە باسی لێوەکراوە و گرنگی پێدراوە، وەک بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، (دەتوانین بڵێین مەرجێکی پیویستی ژیانی ساکارترین مرۆڤی کۆنیش بووە، چونکە ئەندام لە هەمووکات و کۆمەڵێکدا دەبێت ناوی تایبەتی خۆی هەبێت، تاکو لە ئەندامانی تر جودابکریتەوە).(عمر، ١٩٩٠، ١٦٣). ناویش (ئەو وشەیەیە کە ناوی گیاندارێک یان بێگیانێک یان بیرێک یان کارێک دیاریدەکات).(حاجی مارف، ١٩٧٩، ٩٣). ناو دەبێتە ناسنامەی ئەو شتەی، کە هەڵگری ناوەکەیە. بۆیە (هەر ناوێک هێمایە بۆ شتێک، واتە هەر ناوێک بەرامبەر بە ناولێنراوێک دەوەستێت).(برزۆ، ٢٠٢٠، ١٨)، بەمەش مرۆڤ لە ڕێگەی دەنگەکانەوە هێما بۆ شتەکان دادەنێت، بۆ نموونە دەنگەکانی (د، ە، ر، گ، ا)، هێمان بۆ (دەرگا)، بۆیە زمانەکان

(ناوەکانیان وەک هێما و نیشانەیەک لەخۆگرتووە. لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەم هێما و نیشانانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانرێت پەی بە بۆچوون، بیر و سۆز و دەروونی ئەو کۆمەڵگەیە ببرێت).(زندی و میرمکری، ١٣٩٦، ٢).

هەروەها ناوەکان هۆکارێکن بۆ جیاکردنەوەی کەسێک لە کەسێکی دیکە لە یەک کۆمەڵگادا، واتا بەهۆی ناولێنانەوە دانیشتوانی کۆمەڵگایەک بە ئاسانیی لەیەکدی جیادەکرێنەوە. بەمجۆرە ناو (ڕەگەزی پێناسینیی کەسیی و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتییە، بەبێ ناو ناتوانین قسە لەبارەی خۆمان و خەڵکی و دەوروروبەر و ڕووداو و دیاردەکانی ترەوە بکەین، هەر بەهۆی ناوەوە دەتوانین ئاماژە بە هەموو ئەو شتانە بکەین، کە دەیانبیستین و هەستیان پێدەکەین).(عەبدوڵلا، ٢٠٢٠، ١٩)، لە هەموو کۆمەڵگا و زمانەکاندا ناو بوونی هەیە، دەرخەری بیروباوەڕ و هەست و دونیابینی و تێڕوانییەکانی ئەو کۆمەڵگایەن، ناتوانرێت ناوەکان تەنیا وەک وشە و یەکەیەکی زمانی هەژماربکرێت، بەڵکو (جۆرێکە لە دەربڕینی بیرکردنەوە و تێڕامان، کە نوێنەرایەتیی دەرکەوتە کەلتوری و ئایینییەکانی کۆمەڵگایەک دەکات، لە ئاستێکی سنووردارتردا، تێڕوانینی کاتی و ڕەگەزی و نەتەوەیی نەتەوەیەک (گەلێک) دەگەیەنێت).(حصاريان، ١٤٠٠، ٦٠). ناوەکان لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ژیاندا تێکەڵاوبوون و بەشێکی دانەبڕاون لە کەلتور و زمانی کۆمەڵگاکان. زمانیش وەک گرنگترین ئامرازی گفتوگۆکردن و قسەکردن لەنێو کۆمەڵگا، دەبێتە ئاوێنەیەکی کۆمەڵگا لە کاتە جیاوازەکاندا، بەردەوام گۆڕانکاریی بەسەردادێت، چونکە (کۆمەڵگە مرۆییەکان هەرگیز وەکو خۆیان نامێننەوە و هەمیشە لە گۆڕان و گۆڕانکاریدان، زمان وەک بابەتێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام بەپێی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بەپێی پێویستی کۆمەڵگا دەگۆڕێت، بۆیە هەر زمانێک لە هەرکاتێکدا ئاوێنەیەکە، کە دەتوانێت پێکهاتەی کۆمەڵگای تیادا ڕەنگبداتەوە، بەمەش زمان ئامرازێکی پەیوەندییە لە کۆمەڵگادا و هەمیشە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بۆ دابینکردنی

پێداویستییەکانی پەیوەندیکردن).(اکبرامامی و یوسفی نژاد، ١٣٩٧، ٥٦). ناویش وەک بەشێکی سەرەکیی زمان و گفتوگۆی مرۆڤ بەپێی گۆڕانکاریی کۆمەڵگاکان، گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و لە کاتە جیاواز و سەردەمە جیاوازەکاندا دەبنە دەرخەری کەتواری (واقیعی) کۆمەڵگا، بەمەش ناوەکان (توانایەکی گەورەیان هەیە بۆ وەسفکردنی ئەزموونی هزری و هۆشیاری نەتەوەیی و گەشەی کەلتوری کۆمەڵگا).( Zerkina. N & other, 2018, 88). دەتوانین لە ڕێگەی ناوەکانەوە بیروباوەڕ و ئاین و دونیابینی و بەها کۆمەڵایەتی و زانیارییە کەلتورییەکانی کۆمەڵگا مرۆییەکان بزانین و درکیپێبکەین، کە تێیاندا هەڵگیراوە، بەمەش ناوەکان (کەتوارە (واقیعە) کۆمەڵایەتی و کەلتوری و دەروونییەکان پێناسەدەکەن و لە بەرانبەریشدا بەم کەتوارانە پێناسەدەکرێن، بەو پێیەی بەها کۆمەڵایەتییەکان و کەتوارە کەلتورییەکان هەمیشە کاریگەریی مێژوو و پرۆسەی بەردەوامیی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییان لەسەرە).(Akinnaso. N, 1981, 59). توانای ناونانیش تایبەتە بە مرۆڤ، کە دەتوانێت ناو لە خۆی و شتەکانی دەوروبەری بنێت، لە ئەنجامی ئەم کردەیەش شت و کەرەستەکان دەبنە هەڵگری ناوێک، کەواتە (ناونان بەرهەمەکەی (ناو) دەبێت و بۆ ئەو ئامانجە هەوڵدەدات، هەروەها ناونان بریتی دەبێت لە گەیاندنی بیر لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نیشانەیی لە نێوان ناو و ناونراوەکەدا، ئەمەش بەپێی لێکدانەوەی زمانەوانیی فەلسەفی).(غولام، ٢٠١٦، ٢٨).

ناونان کردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بە مێژووی هەر زمان و نەتەوەیەکەوە بەستراونەتەوە، ناوەڕۆکی زانیارییە مێژووییەکان هەڵدەگرن، هەروەها مرۆڤ (لە ناونان و پۆلێنکردنی کەرەستەکانی دەوروبەریدا بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیرکردنەوە و جیهانبینیی خۆی و کۆمەڵگەوە).(عەساف، ٢٠٢٤، ٢٥). ناوەکانیش وەک بەشێکی سەرەکی و بنەڕەتی ئاخاوتن و گوتەی مرۆڤ، ئاماژەن بۆ ڕۆڵ و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگدانەوەی ڕەگەز و ناسنامە و کەلتور و ئاین و بیروباوەڕ و



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS Kirkuk University Journal Humanity Studies

دونیابینی مرۆڤن، بەشێکی دانەبڕاون لە کەلتور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. کەواتە (ناونان پرۆسەیەکی داهێنەرانەی ئاڵۆزە. لە دروستکردنی ناوێکدا، جگە لە یاساکانی زمان، پێویستە کەلتور، جیهانبینی، عەقڵیەت و ڕەوشت و سایکۆلۆژیای خەڵک لەبەرچاوبگیرێت). (Saparniyazova, M & Sabirova, M., 2023, 13).

ناونان پێواژۆیەکی بەردەوامە و بەهۆی ئەوەی لە ئەمڕۆدا ژیانی مرۆڤ لە گەشە و گۆڕاندایە و بەردەوام شت و ڕووداو و کەرەستەی نوێ دادەهێنرێت و دێتەئاراوە، ئەو شتە نوێیانەش پێویستە لەلایەن مرۆڤەوە ناویان لێبنرێت و ناویان بۆ دابهێنرێت، بۆیە بەردەوام ناو و وشەی نوێ دێتەئاراوە، ئەوەش ڕوونە (لە دنیای مۆدێرندا پێشکەوتنی زۆر خێرای زانست و تەکنەلۆجیاش، پێویستی بەردەوامی بە وشەی تازە و نوێ هەیە). (هەرشەمی، ٢٠٠٩، ١٢)، بەو واتایەی ئەو شت و دیاردە و ڕوداو و داهێنانانەی دادەهێنرێن و دێنەئاراوە پێویستیان بە ناو و ناولێنان هەیە، ناولێنانیش (هێمایە، کە بەرانبەر ڕووداو و دیاردەکانی دەوروبەر دادەنرێت، لە ژیانی مرۆڤدا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریی هەیە.) (عەبدوڵڵا،٢٠٢٠، ٢٢).

ناونان لقە زانستێکی بۆ تەرخانکراوە بە ناوی زانستی ئۆنۆماستیک (onomastic ). ئۆنۆماستیک (onomastic) زانستێکە لێکۆڵینەوە لە ناوەکان دەکات و لەم لقانەی خوارەوە پێکهاتووە:

١ –ئەنترۆپۆنیمیک (ناوی تایبەتی مرۆڤ)

٢ – تۆپۆنیمیک ( ناوی گیۆگرافی)

٣ –ئیتنۆمیک (ناوی خێڵ و میللەت)

٤ –کۆسمانۆمیک (ناو گەردوون و بەشەکانی)

٥– زوونۆمیک (ناوی حەیوانات) (عمر ، ١٩٩٠، ١٦١)

مرۆڤ کاتێک لەدایکدەبێت، یەکێک لەو شتانەی بۆی ئەنجامدەدەن، دانانی ناوێکە بۆی، تاکو بەو ناوە بناسرێتەوە و ناوەکە ببێتە ناسنامەی، تەنانەت کاتێک شتێکی نوێش دێتەئاراوە، دەبێت ناوێکی بۆ دابنرێت، چونکە ناوەکە دەبێتەهۆی ناساندنی و جیاکردنەوەی لە شتەکانی تر. واتە (ناونان دانانی ناوێکی تایبەتییە بۆ منداڵێکی تازە بوو یا بۆ شتێکی تر).(خاڵ، 2005، 471)، ناویش بەشێکی سەرەکیی و بنەڕەتییە لە پێکهاتەی زماندا و ڕەنگدانەوەی تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانی کۆمەڵگایە، بۆیە (کارێکی ئاساییە گەر کاریگەریی دەوروبەرو کۆمەڵ و تێڕوانینەکانی لە ناونانی تاکەکانی کۆمەڵدا ڕەنگدانەوەیان هەبێت).(شەمس، 2006، 130)، چونکە (زمانی هەر میللەتێ بە تەنیا بگریت، ئاوێنە و دەربڕی عەقڵ و هۆش و تێڕوانینی ئەو میللەتە خۆیەتی بەرامبەر بە سروشت و دەوروبەر و جیاوازە لە زمانی میللەتانی تر، هەر ئەو تێگەیشتنە جیاوازەشە، کە دەبێت بە بناغەی سەرهەڵدانی ئەو نیشانە تایبەتی و گرنگ و بەرچاوانەی کە مرۆڤ لە شتدا، هەستیان پێدەکات و دواتر لەناوناندا، بەکاریاندەهێنێت).(سدیق، 2011، 39)، هەر شت و کەرەستە و دیاردەیەک چەند نیشانەیەکی هەیە، کە دەبنە پێناس و چەمکی، بەڵام لە کاتی ناولێناندا هەموو نیشانەکان نابنە جێگەی سەرنج، بەڵکو یەکێک لەو نیشانانە دەبنە جێگەی سەرنج لەلای میللەتان، بۆیە ( لە پرۆسەی ناوناندا، تەنیا یەکێکیان کە لەبەرچاو بێت، هەڵدەبژێرێت، بەڵام مەرجیش نییە کە بە تەواوەتی گرنگترین و جەوهەریترینیان بێت، کە دواتر جێی هەموویان بگرێتەوە).(سەرچاوە پێشوو، 2011، 41)، بۆیە دەبینین لەناو میللەتان هێما و ناوەکان، کە نراون لە شتەکان جیاوازن، هەرچەندە شتەکەش یەک شتە. بۆنمونە کورد وشەی (دەرگا) وەک هێما بەکاردێنێت، عەرەب وشەی (باب) و ئینگلیز وشەی (door) وەک هێما بۆ هەمان شت بەکاردەهێنن، ئەمەش ئەوە دەردەخات، (پرۆسەی ناونانی کەرەستەکان لەنێوان میللەتاندا جیاوازە، بۆئەمەش هەندێ نیشانە و تایبەتمەندیی بە هەند وەردەگیرێن، کە پەیوەستە بە بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەو کۆمەڵەوە لە سروشت

و جیهانی دەوروبەر).(ئەورەحمان، 2015، 111) هەرچەندە زمانەکان کاریگەری و پەیوەندییان بەسەر یەکترییەوە هەیە، بەڵام پرۆسەی ناونان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە:

لە زمانی ڕووسیدا، بە ورچ دەڵێن: (medvid) واتە (هەنگوین خۆر) ، لێرەدا، نیشانەی زەقی بەرچاو لەو گیانلەبەرەدا، ئەوەیە کە حەزی لە هەنگوینە.

لە زمانی لیتۆڤی سەر دەریای بەلتیق بە ورچ دەڵێن: (Klolis) واتە (قژلوول) لەلای ئەمان، قژە لوولەکەی بووە بە نیشانەی سەرنج ڕاکێش.(سدیق، 2011، 33-34).

بەو شێوەیە ناوە کوردییەکانیش ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای کوردی و دەربڕی کەلتوری کوردین، گوزارشت لە ئاین و بیروباوەڕ و مێژوو و دنیابینی... کورد دەکەن، بۆیە ناو و ناولێنان (هەر ڕاستە و ڕاست، سەر بە جۆری فیکر و لێکدانەوەی میللی و مێژوویيە و بنەمای زمان و دیالێکت و چەشنی هەڵکەوتنی قوڕگ و جیڕو گییرکردنی دەم و دان و زمان و مەڵاشوو و لووت و فۆنێتیکی کوردییەوەیە، کە ئەمیش بە دەوری خۆی. گرێی چەشنێ لە چەشنەکانی ژییری و وریایی و بیروباوەڕی سەرنج و لێتۆژینەوەی مرۆڤی ئەم وڵاتە ئەکاتەوە و هەموو نەتەوەی کوردیش ئەگرێتە خۆی).(زامدار، 2011، 7-8)، بۆنموونە (بە سەرنجدان لە ناوی مرۆڤی کورد، ڕۆڵی سروشت و دەوروبەر و بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی کورد و کاریگەرییان لە ناوی تاکەکانیەوە دەردەکەوێت). (شەمس، 2006، 130)، کەواتە پێواژۆی ناونان، کردەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەند و تایبەتە بە مرۆڤ، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەشێکی گرنگی زمانە، لقە زانستێکی بۆ تەرخانکراوە بە ناوی ئۆنۆماستیک (onomastic)، هەڵبژاردن و دانانی ناوێکە وەک هێمایەک بۆ مرۆڤێک، شتێک، کەرەستەیەک، ڕوداوێک، بیرێک، کارێک. تاکو ببێتە ناسنامەیی و لەناو هاوچەشنەکانیدا جیابکرێتەوە و پێی بناسرێتەوە.

**٢/١) پەیوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو(فۆرم و واتا):**

دەنگەکانی زمان ڕەمزن. بە واتا دەنگەکان چشتێک دەنوێنن، کە خۆیان نین و "پەیوەندیی " نێوان چشت " و "دەنگەکە " دەستووربەدەرەو پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نییە پێویستیان بە لێکدانەوە و فێربوونە.(مەحویی،ب1، 2008، 98). زمان لە ڕێگە هێماوە دەردەبڕدرێت، ناوەکانیش هێمان، لە فۆرم و واتا پێکدێن، بەڵام سەرەتا وەک بیر و وێنەیەک لە ئاوەزی مرۆڤدان، دواتر لە ڕێگەی دەربڕاوی زمانییەوە دەردەبڕێن، هەر لە سەردەمانی کۆنەوە لێکۆڵینەوە لە بابەتی پەیوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو(فۆرم و واتا/ دال و مەدلول/ هێما و هێمابۆکراو) کراوە، پەیوەندیی نێوانیان خراوەتەڕوو، سەرەتای ڕاوبۆچوون و تێڕوانینەکانیش لەبارەی پەیوەندیی(ناو و ناولێنراو)ەوە، لە فەیلەسوفەکانەوە دەستپێدەکات. فەیلەسوفە یۆنانییەکان باسی زمان و واتایان کردووە، لەو چوارچێوەیەشدا پەیوەندیی نێوان فۆرم و واتایان خستووەتەڕوو، بەڵام بە دوو بۆچوونی جیاواز، یەکەم پەیوەندیی نێوان فۆرم واتا بە سروشتی و ڕاستەوخۆ دادەنێت، دووەم پەیوەندییەکە بە لەخۆوە (arbitrarily) دادەنێت. فەیلەسوفی یۆنانی (ئەفلاتون) پەیوەندیی نێوان فۆرم و واتا بە سروشتی دادەنێت و پێیوایە (زمان بەخششێکی سروشتە و وابەستەی دابونەریتی مرۆڤ نییە، زمان لە ڕواڵەتدا (جەوهەرەکەیدا) سیستماتیک و لۆژیکییە، ئەمەش بەو واتایەی کە لەنێوان فۆرمی فۆنەتیکی وشەیەک و مانا سروشتییەکەیدا ڕێککەوتنێکی تەواو هەیە).(افتيش، 2000، 10)، بەمەش پەیوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو بە سروشتی دادەنێت، واتە ڕێککەوتنی کۆمەڵی لەسەر نییە. هەروەها ئەفلاتون لە (کراتیلوس)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە (دالsignifier وشەیەکە لە زمان، مەدلولیش signified ئەو شتەیە لە جیهاندا بوونی هەیە و دال نوێنەرایەتیی دەکات، هەروەها وشەکان ناون یان ئاماژەن بۆ شتەکان). (بالمر، 1981، 23). لەم ڕوانگەوە دال وشەی زمانییە و مەدلولەکانیش بریتین لەو

شتانەی کە لە جیهانی دەرەوە و واقیعدا هەن و وشەکان دەیاننوێنن. وشەکان پەیوەندییان لەگەڵ واتاکەیاندا هەیە، واتە (دەری خستووە ناوی شتێک پەیوەندییەکی بەتینی هەیە لەگەڵ واتاکەیدا–واتە سروشتی بەرد وای کردووە ناوبنرێت بەرد. لەو ڕوانگەیەوە کە زمان دیاردەیەکی سروشتییە. کەواتە ناولێنان ئەبێ سروشتی بێت و فۆرمەکە نرخ و ناوەڕۆکی شتەکەی (ناونراو)هەبێت). (سعید،1989، 29-30)، بەڵام (ئەرستۆ) بە پێچەوانەی ئەفلاتونەوە، (لەو بڕوایەدابوو، کە پەیوەندیی نێوان واژە و واتا پێوەندییەکی لەخۆوەیە، یان بە ڕێککەوتنی خەڵک لە سەری سازدەبێت). (محەمەد، 2010، 20)، واتە پەیوەندیی لەنێوان ناو ناولێنراودا نییە و پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی لەخۆوەیە (arbitrarily)، ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی لەسەرە، کەواتە (هێمادانان بریتییە لەو کارەی کە تیایدا مرۆڤ بە ئارەزوو و خواست و ویستی خۆیان دەتوانن لەناوخۆیاندا پێکبێن، شتێک دانێن بە هێما بۆ شتێکی تر)، (فتاح،2011، 40)، بەپێی ڕێککەوتنی مرۆڤەکان ناوێک بەرانبەر بە شتێک دادەنرێت و ئەو ناوەش/هێمایەش دەبێتە ناو بۆ ناولێنراوەکە، بەمەش پەیوەندیی نێوانیان لەخۆوەوەیە، چونکە پەیوەندیی نێوانیان ڕاستەوخۆ بوایە، ئەوا دەبوو بۆ یەک شت یەک فۆرم/هێما لە زمانەکانی جیهاندا هەبوایە، هەروەها وشە سروشتییەکانیش (پێویستیان بە بڕیاری کۆمەڵە و تەنانەت فۆرمەکانیشیان لە زمانێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە" سەگی کوردی دەحەپێنێ بەڵام سەگی ئینگلیزی باو– واوێتی")( فتاح،2011، 47).

دی سۆسێر، کە بە باوکی زمانەوانیی نوێ دادەنرێت، پێیوایە زمان لە کۆمەڵێک هێما پێکدێت و (فۆرم و واتا هەردووکیان هێما پێکدەهێنن و هیچکامێکیان بێ ئەویتر بەهای نییە)،(دزەیی، 2015، 24) و پەیوەندیی نێوان فۆرم و واتا لەخۆوەیە و کۆمەڵ لەسەری ڕێکەوتووە. فۆرم و واتاش بە دوو ڕووی دراوێک دادەنێت و لەیەکتر جیانابنەوە، وەک لەم وێنەیەدا ڕوونە:




وێنەی ١ (پەیوەندیی نێوان فۆرم و واتا)

بەڕای سۆسێر (واتا) بەرپرسیارە لە لێکدانی (فۆرم و واتا)، بەڵام (تەن)دەکەوێتە دەرەوەی کایەی زمانەوانییەوە، (دزەیی، 2009، 19)، واتە (بە باوەڕی سۆسێر زمان لە کۆمەڵێک هێما پێکدێت، هێما بەڕێککەتنی کۆمەڵ لەدایکدەبێت و لە بنەڕەتدا واتای نییە، یان واتایەکی جیاوازی هەیە، بەڵام کۆمەڵ واتاکەی لێباردەکات. بەم پێیە ئەو واتایەی بە هێما دەدرێت، پێشتر بیرۆکەیە و بوونی هەیە، دواتر لە کەرەستەیەک باردەکرێت).( عساف، 2024، 24)، هەروەها (ئۆگدن و ریجاردس) بەرگێکی زانستییان بەبەر ئەم بیرەدا کرد، (بیروبۆچوونی ئۆگدن وریچاردس لە بیروبۆچوونی دی سۆسیر نزیکدەبێتەوە، پەیوەندیی نێوان وشە و شتەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی وێنەی هزریی ڕووت بەیەکتر دەبەستنەوە).(فرهادی، ٢٠١٤، 475)، هەردوو نوسەر (ئۆگدن و ریجاردس) لە کتێبە ناودار و بەناوبەنگەکەیاندا (واتای واتا The meaning of meaning) لە ساڵی 1923 ئەم پەیوەندییەیان لە سێگۆشەی (هێما/فۆرم، بیر، "تەن" ئاماژەبۆکراو) ڕوونکردووەتەوە و خستوویانەتەڕوو:




وێنەی ٢ سێگۆشەی (هێما/فۆرم، بیر، تەن)

فۆرم: زنجیرە دەنگێکە هێما دروست دەکات.

بیر : بۆچوون و وێنە و تێگەیشتنی فۆرمە.

تەن : شتە بەرجەستەکانی دەوروبەر و جیهانی واقیع دەگرێتەوە.

خاڵی گرنگ لەم سێگۆشەیەدا ئەوەیە: پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان فۆرم و تەندا نییە، بەڵکو پەیوەندیی ڕێککەوتن بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.(دزەیی، 2015، 24-25). بەمەش بیر وەک نێوەندێک دەوردەبینێت لەنێوان هێما و تەندا، پەیوەندی نێوان بیر و هێما، بیر و تەن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، بەڵام پەیوەندی لەنێوان هێما و تەن پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە و لەخۆوەیە. (کلۆد جێرمان و ریمون لۆبلان) پێیانوایە، سێگۆشەکەی (ریچاردز و ئۆگدین) هەندێ وردیی تێدایە لە پەیوەندی نێوان چەمک و شتەکاندا، بەڵام هیچ شتێکی نوێی نەخستووەتە سەر تێورییەکەی (دێ سۆسێر) لە بواری ناولێنراودا، هەروەها بۆ واتاسازی زمانی، هیچ شتێکی بەنرخی زیاد نەکردووە. (جێرمان و لۆبلان،2006، 5).

**هەندێک بۆچوونی زانایانی تریش سەبارەت بە (ناو و ناولێنراو):**

("ڕەمز" لە (semiontik)ی (١٩٣١) perice دا پۆلی ئەو هێمایانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندیی نێوان هێماو چشتەکەی، کە بۆی دانراوە تەنها لەسەر ڕێکەوتنی باوورۆشتوو konvention وەستاوە).( مەحویی، ب1، 2008، 60)، کەواتە پەیوەندیی نێوان "هێماکە" و "هێمابۆدانراوەکەی" تەنهاو تەنها لەڕێی ڕێککەوتنی کۆمەڵەوەیە لەسەری و بەم پێیە، واتای "ڕەمز"ی هەر زمان و کەلتورێک بەگوێرەی تایبەتمەندییەکەی خۆی چەسپێنراوەو چەسپاوە. لێرەوە ئاشکرادەبێت، کە "ڕەمز" بەستراوە بە تایبەتمەندیی زمان و کەلتورەوەو لەو دوو ڕێیەوە چەسپاوە. (سەرچاوەی پێشوو، ب1، ٢٠٠٨، 46).

ستیفن ئۆڵمانیش پەیوەندی سروشتی، یا خودیی نێوان فۆرم و واتای ڕەتکردووەتەوە، لە پێناسەی واتاشدا دەڵێت، پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ لەنێوان فۆرم و

شتدا هەیە. (عەبدولڕەحیم، 2014، 18)، ئۆلمان پێیوایە (واتا بریتییە لەو پەیوەندییە دووسەرەی کە لەنێوان وێنەی هۆشەکی و وشەدا هەیە.) (سەفەوی،2006، 1) ئەمەش بە بۆچوونێکی هۆشەکی دادەنرێت، چونکە (لێرەدا فۆرم وبیر هەردووکیان لەناو مێشکدان، واتە کاریگەریی ناوەوەن). (غولام، ٢٠١٦، ٤٥).

زمانەوانی ئەمریکی (بلومفیلد)، کە لەژێر کاریگەریی ڕەفتارییەکاندا بوو، مانای فۆڕمی زمانی بەو شێوەیە ناساند، کە بریتییە لە "ئەو دۆخەی قسەکەر تێیدا قسەی لێدەکات و ئەو وەڵامدانەوەیەی کە لە گوێگر چاوەڕوان دەکرێت". بە واتایەکی دیکە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی فۆڕمێکی زمانی، قسەکەر هانی گوێگر دەدات بۆ وەڵامدانەوە بۆ دۆخێک. ئەو دۆخە و ئەو وەڵامدانەوەیە، واتای زمانیی فۆڕمەکەن.( حمید ،1998، 61).

فەیلەسوفی ئینگلیزی (جون لۆک) دەڵێت: دەبێت بەکارهێنانی وشەکان ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی ڕەنگدانەوەی بیر بێت، بەپێی ئەم بۆچوونە کاتێک وشە واتادار دەبێت کە بیرێک یان چەمکێک یان وێنەیەک دروستبکات، بەمە واتا دەبێتە ئەو کۆمەڵە وێنە هۆشەکییەی کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و بە وشە یان گوتن دەنوێنرێن. (دزەیی، ٢٠١٠، ٥٨).

(چۆمسکی) ئەوەی دیاریکردووە، کە پەیوەندیی نێوان دەنگ و واتا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو ئەو دەنگانە دەبێت، بە ئاستێکی تردا تێپەڕن، کە ئاستی ڕێزمانە، واتە ئەو دەنگانە بەپێی دەستوور و یاسا لێکدەدرێن، لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا بۆ پێکهێنانی وشە و مۆرفیمەکانی زمان، هەروەها وشەکان لە ئاستی سینتاکسدا لێکدەدرێن بۆ پێکهێنانی گرێ و ڕستەکانی زمان، کە هەر یەکێک لەو یەکانەش - وشە و گرێ و ڕستەکان - بەپێی ڕێساکانی ئەو زمانە واتا وەردەگرن.(عەلی، ٢٠١١، ١٨).



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

محەمەدی مەحویی پێیوایە پەیوەندیی و پەیوەستەگیی نێوان ڕەمزەکەو واتاکەی لەخۆوەیەو دەستووربەدەرو مۆتیڤێک/هۆهاندەرێکی نییە. هۆیەکی ڕووکەشیی یان ڕواڵەتی دەرەوە نییە، دەریببڕێت بۆچی ڕەمزێکی دیارییکراو واتایەکی دیارییکراوی هەڵگرتووەو واتایەکی دییکەی هەڵنەگرتووە یان بۆچی واتایەک بەم ڕەمزە دیارییکراوە دەردەبڕدرێت و بە ڕەمزێکی دییکە دەرنابڕدرێت.(مەحویی، ب1، ٢٠٠٨، 45).

لە ڕوانگەی ئەو بۆچوون و تێڕوانینانەی خرانەڕوو، ئەوە دێتەئاراوە هەندێک پەیوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو بە سروشتی و ڕاستەوخۆ دادەنێن، هەندێکی تر پەیوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو بە پەیوەندییەکی لەخۆوە و ناڕاستەخۆ دادەنێن، کە ئێمە ئەمەی کۆتاییمان پێپەسندە. هەروەها فۆرم و واتا پێکەوە هێما پێکدەهێنن، واتە هێما خاوەنی دووڕووە (فۆرم و واتا)، ئەو دوو ڕووە تەواوکەری یەکترین و لەیەکجودانابن، چونکە هەر فۆرمێک هەڵگری واتا نەبێت، دەبێتە فۆرمێکی بۆش و بێبەها، بە پێچەوانەشەوە واتا بەبێ فۆرم هیچ بەها و نرخێکی نابێت، ئەو پەیوەندییە لەخۆوە و دەستوربەدەرەی نێوانیشیان هۆیەکە بۆئەوەی نەزانرێت فۆرمێکی وەک (بەرد) بۆچی بۆ شت و تەنێکی وەک (بەرد) دانراوە و بووەتە هێما و ناو بۆی، تەنها ئەوە نەبێت ڕێککەوتنی کۆمەڵی لەسەرە، ئەو پەیوەندییە لەخۆوەی نێوان ناو و ناولێنراو/ فۆرم و واتا لە ڕێگەی (بیر)ەوە بەیەکەوە دەبەسترێتەوە، هەروەها چشتەکانیش کە بە وشە و هێما و دەستەواژەکان دەردەبڕێن، لەنێوان مرۆڤەکاندا یەک چشتن/شتن، بەڵام فۆرمەکانیان لە زمانەکاندا جیاوازن، هەر زمانێک فۆرمێکی جیاوازی بۆ داڕشتووە.

### ٣/١) گرنگی پێواژۆی ناونان لە پێشکەوتن و پاراستنی زماندا:


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

مرۆڤ ڕۆژانە بە زمان دەدوێت، ئامرازێکی گرنگی لەیەکگەیشتن و پەیوەندیکردنە، لە ڕێگەی زمانەوە بیر و هزری خۆمان دەردەبڕین و دەیگوازینەوە بۆ بەرانبەرەکانمان، ناوەکانیش کەرەستە و وشەگەلێکی گرنگ و سەرەکی زمان و دەربڕینەکانمانن، لە بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی زماندا، ناونان ڕۆڵێکی بەبایەخ و بنەڕەتی هەیە، چونکە بەردەوام لەگەڵ بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنی ژیان و ژیاری مرۆڤ شت و دیاردە و ڕووداو و چەمک و بیری نوێ و داهێنانی نوێ و تازە دێتەئاراوە، بێگومان (ئەو داهێنانانەش پێویستیان بە ناوێک هەیە)،(سلێمان و سەعید، ٢٠٢١، ١٣٧)، بۆئەوەی بناسرێنەوە و ناوەکەش ببێتە پێناسیان، واتە ناسنامەیان بۆ دروستبکرێت و لە هەمەچەشنەکانی خۆیان جیابکرێنەوە، لە ڕێگەی وشە و زاراوەکانەوە ناودەنرێن، کەواتە لێرەوە وشە و زاراوە و ناوی نوێ و تازە دێنە ناو زمان، بەمەش گەنجینە و فەرهەنگی زمان فراوان و دەوڵەمەند دەبێت و گەشەدەکات، زمان لە فەوتان و مردن ڕزگاریدەبێت، چونکە هاتنی وشە و زاراوە و ناوی نوێ بۆ نێو زمان، زیندوویەتی بە زمان دەبەخشێت، بەمەش زمان لە پێشکەوتن دانابڕێت و خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا دەگونجێنێت.

گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ژیار و ژیان و (پێشکەوتنی هزر و بیری مرۆڤ و پێداویستی ژیان و کۆمەڵ، زیادبوونی بەرهەم... هەمیشە پێویستیان بە پەیدابوون و هاتنەکایەی وشەی نوێ هەیە. وشەکانی زمان زیاددەبن و گەشەدەکەن و گۆڕانیان بەسەردا دێت).(مستەفا، ٢٠٢١، ٢٢٨ )، کەواتە بۆئەوەی زمان لەو ڕەوتی گۆڕانکارییانە دوانەکەوێت و دانەبڕێت، ناو و ناونان پێویستییەکی بەردەوامن. جا ئەو ناوانەی دروستدەکرێن، دەبێت تایبەتمەندی و یاسا و ڕێساکانی زمانی کوردییان تێدا پەیڕەوکرابێت، لەژێر ڕکێفی یاسا و ڕێسا و تایبەتمەندیی زمانی کوردیدا دابڕێژرێت، چونکە ناولێنان بە وشە و دەستەواژەی کوردی زۆر گرنگ و جێگەی بایەخە، بۆ


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

هێشتنەوە و پاراستنی زمان. لەڕووی ڕێنووسیشەوە بە دروستی بەکاربهێنرێت و بنووسرێت، بۆئەوەی زمانی کوردی بە پاکژی و پاراوی بمێنێتەوە، هەروەها بەرهەمهێنانی وشە و زاراوە نوێیەکانیش بەگوێرەی پێویستی و زانستی بێت، ئەو وشانەش، کە لە زمانی بیانییەوە وەردەگیرێن و دەخوازرێن، دەبێت بخرێنە ژێر فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە، بە دەربڕینێکی کوردییانە دەرببڕێن. هەروەها ڕێگاکانی دروستکردنی وشە و ناو زۆرن، بەڵام نابێ بە پێکهاتەی زمانەکە نامۆبێت و هەرکەس لەخۆوە و بۆ خۆی وشە و زاراوە و ناوی نوێ دابهێنێت، چونکە ئەمجۆرە ناو داهێنانە، بێسەروبەرەیی دێنێتەئاراوە، لە ئەنجامدا لە زیانی زمانەکە دەشکێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە ناونان بە شێوەی دروست و بەپێی پێکهاتەی زمانەکە بوو، ئەوا زمانەکە پێشدەکەوێت و لە لەناوچون و فەوتان پارێزراودەبێت. ئەو ناوانەش کە هەڵیان دەبژێرین بۆ شتەکان و مرۆڤەکان، بۆئەوەی لە خزمەتی زمانی کوردیدابن، دەبێت ناوێکی کوردی بێت و ڕەنگدانەوەی کەلتور و کۆمەڵگای کوردی پێوەدیاربێت. چونکە ئەو ناوە دەکەوێتە نێو کۆمەڵگا و سەر زمانی خەڵکی و نەوە بە نەوە دەڕوات و دەگوازرێتەوە، لەم ڕێگەیەشەوە زمانی کوردی دەپارێزرێت لە بەرانبەر کەلتور و زمانی بیانیدا. بەڵام بە پێچەوانەوە، دەبێتەهۆی لاوازبوونی پێگەی زمانی کوردی، کەواتە دەبێت ناوەکە کوردی و نوێ و گونجاوبێت، تازەگەری و داهێنانی تیدابێت، بە شێوەیەکی زانستی پێکهاتەی زمانی کوردییان تێداڕەچاوکرابێت، بۆئەوەی فەرهەنگی زمانەکەی پێدەوڵەمەندببێت، ببێتە هۆکاری پاراستن و پێشکەوتنی زمانی کوردی و بە زیندوویێتی بیهێڵێتەوە.

## ٤/١) کاریگەریی ناونان لە پاراستن و ناساندنی کەلتوردا:

زمان (یەکێکە لە توخمە کەلتورییە بنەڕەتییەکان و لە هەمانکاتدا گوێزەرەوە و بڵاوکەرەوەی کەلتوریشە، ئامرازی گەیاندن و دروستکەری پەیوەندییەکانە، گرنگیی


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

زمان لە ناساندنی کەلتوردا بەڕادەیەکە، کە گوتراوە زمانی نەتەوەیەک یان کۆمەڵگایەک کلیلێکە بەهۆیەوە دەتوانرێت کەلتورەکەیان بناسیت، هەروەها زمان پەیوەندییەکی بەهێزی بە ناسنامەی کەلتوری و نەتەوەییەوە هەیە و بە بنەمایەکی جێگیر و ڕیشەیی ناسنامە دادەنرێت).(محمد، ۲۰۲۳، ۲۵۹ ). بەمەش زمان پەیوەندییەکی بەهێز و تێکچڕژاوی لەگەڵ ناسنامە و کەلتوردا هەیە، بەشێکە لە کەلتور و ڕۆڵێکی سەرەکی و تایبەتی هەیە لە گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی دابونەریت و کەلتوردا. بۆیە زمان(ئاوێنەی کەلتورە و هۆکارێکی گرنگە بۆ پاراستنی بەها نەتەوەییەکان).(مسعودی پور، ۱۳۹۹، 593). ناوەکانیش بەشێکی سەرەکیی زمانن و بەشداردەبن لە هەڵگرتن و پاراستنی مێژوو و کەلتوردا، بۆیە پێواژۆی ناونان (کردەوە و دیاردەیەکی کولتوورییە، بەشێکە لەو ڕێگا و داب و نەریتانەی کە کردار و بیرکردنەوەی مرۆڤ لەگەڵ ئەوانی دیکەدا لە قاڵبدەدەن، چونکە ناوەکان کۆمەڵێک بەها و باوەڕیان هەڵگرتووە کە تاڕادەیەک تایبەتمەندن).(عبدی، 1378، 3)، بۆیە ناوەکان لە ناساندن و پاراستن و گوێزانەوەی کەلتوردا بەشدارن، دەتوانین لە ڕێگەی ناوەکانەوە درک بە چۆنیەتیی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بکەین، زانیاری لەسەر هزر و بیر و دابونەریت و کەلتوری مرۆڤەکان و کۆمەڵگا وەرگرین، چونکە (واتای هێماکان وابەستەی کەلتور و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراون).(عەساف، 2024، 25)، هەڵگری بیر و ڕەفتار و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤن، بۆیە لە ڕێگەی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ناوەکانەوە، کەلتوری کۆمەڵگاکان دەناسین و پەیانپێدەبەین، کاتێک ناوێکی وەک (چیا، بێریڤان) دەبینین، ئەوە ڕەنگدەداتەوە تێیاندا، کە (چیا) پشت و پەنا و سەنگەری ڕزگاری و مانەوەی میللەتی کوردە، (بێریڤان) دابونەریتێکی کوردە و کەسێکە ئاژەڵ دەدۆشێت، یان ناوێکی وەک (کۆچەر) هەڵگری بارودۆخی ژیان و نەهامەتیی کورد بووە، یان بە شێوەی کۆچەری و گەڕان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ژیاون، ناوێکی وەک (بووکەبارانە) مانا و چیرۆکی کەلتوری هەڵگرتووە، یان وەک جلی کوردی بەشێکی سەرەکیی کەلتوری کوردیی و

پۆشاکی نەتەوەیی کوردە، (جامانە و مشکی، شاڵ، کڵاش، شەرواڵ، کولەباڵ، کۆڵوانە) دەرخەری کەلتوری جلوبەرگی کوردییە، بۆیە پاراستنی ناوەکان بەشێکە لە پاراستنی کەلتور.

"بێگومان یەکەمین هێما و سیمبولی کەلتوری کە لەگەڵ مرۆڤدا دوای لەدایکبوونی هاوڕێ دەبێت و بە شێوەیەکی ئاسایی تا کۆتایی ژیانیشی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، ئەو ناوەیە کە دایک و باوکی بۆی هەڵدەبژێرن و خەڵکی دیکەش بەو ناوە بانگیدەکەن"(عبدی، ١٣٧٨، ١). لەبەرئەوەی ناونانی منداڵ بە بەشێک لە کەلتور دادەنرێت، دەتوانرێت لە ناونانی مرۆڤ و منداڵانیشدا، تایبەتمەندییە کەلتوری و بیروباوەڕییەکان درکپێبکەین، واتە لە ڕێگەی لێکدانەوە و پشکنین و شرۆڤەی ناوەکانەوە، بە تایبەتمەندییە کەلتوری و ئایدۆلۆژییەکان بگەین. بۆ نموونە ئەگەر لە ناوەکانی (محەمەد، کوردستان، بەهار) بڕوانیین، ئەوا لە هەڵبژاردنی ناوی(محەمەد)دا ڕۆحێکی ئایینی پێوەدیارە، لە ناوی (کوردستان) ڕۆحێکی نەتەوەیی و لە ناوی (بەهار)یشدا ئیلهامی سروشت و جوانی ئەو وەرزەی پێوەدیارە. بەمەش دەکرێت ناوەکان(یارمەتیدەر بن بۆ ناسینی ژیانی کۆمەڵایەتی، وەک نیشانە و ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی، کە لەگەڵ ڕاستییە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی دیکەدا لە کارلێکدایە).(دانش و قربانی، 1396، 94 )، بۆیە دەبینین هەندێک لە ناوەکانمان (ڕاستەوخۆ مانای ناوەڕۆکی کوردایەتییان دەربڕیوە، یان دیاردەکانی سروشتی کوردستانیان نیشانداوە، وەک: ئازاد، سیروان، خەبات، کوردستان، مەهاباد، ئەڤین، بێریڤان، ڤینک.... هتد، کەواتە ناوی ئەندامانی میللەتێک، کۆمەڵگایەک، دەتوانن ببن بە ئاماژەیەک بۆ ئەو قۆناغە مێژوویی-کۆمەڵایەتییەی کە ئەو میللەتە تێیدا دەژی). (سمایل، ٢٠٠٤، 32 )، بۆیە هەر ناوێک بەشێکە لە مێژووی کۆمەڵگا. هەروەها ویلسن Wilson دەڵێت: (ناوەکان هەروەک چۆن هێما و نیشانەیەکن بۆ پێشکەوتن و گۆڕانکارییە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان، پێوەرێکیشن بۆ پێگە و چینی

کۆمەڵایەتی) (دانش و قربانی، 1396، 94 ) بۆ نموونە لەناو خێزاندارە دیندارەکاندا ناوە کەسییەکانی وەک (عەلی، عومەر، عەبدولرەحمان...تاد) باوە، یان لەناو ئەو خێزانانەی، کە ڕۆحی نەتەوەیی و نیشتمانی تێیاندا زاڵە، ناوی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ ناونانەکانیان هەڵدەبژێرن.

ناونانەکان بە گشتی و ناونانی مرۆڤ بە زمانی کوردی و هەڵبژاردنی ناوی کوردی بۆ مرۆڤ، هۆکارە بۆ ناساندن و پاراستنی کەلتورمان، ناوی تایبەتیش دەتوانێت کەلتور و بەها و نەریتی خێزان و کۆمەڵگا هەڵبگرێت، چونکە ناوی مرۆڤیش (بەشێک لە کەلتور و ناسنامەی میللەت دەردەخات).(سمایل، 2008، 18)، ئەمەش ئەوە لەسەرمان پێویستدەکات، کە (دایک و باوکان ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن، چونکە پارێزگاریکردنە لە کەلتور).(سەرچاوەی پێشوو،2008، 7). بۆیە نابێت ناونانەکانمان بەپێی دابونەریت و کەلتوری میللەتانی تر بێت، یان ناوی بیانی بێت، بۆ نموونە: ( جولیا، فەریق، ئەسفەهان، هوتێل لەندەن ئای، قوتابخانەی گۆڵدن گەیت، زینە، ئەبو ئەرکان، ئەبو شێرزاد، ....تاد)، ئەم جۆرە ناوانە، زمان و کەلتووری کوردی ناپارێزێت و دەیشێوێنێت، لەبەرئەوەی ڕەنگدانەوەی دابونەریت و بیر و کەلتوری کوردی نیین.

ناونانەکان لەم سەردەمەدا، کەلتوری کوردی و سیمای نیشتمانی و نەتەوەیی پێوە دیارنییە، هەر بە سەرنجدان لە ناوی تابلۆی شوێنی ئیشوکار و شوێنی نیشتەجێبوونەکانمان و...تاد، کۆمەڵێکی زۆری ناوی بیانی دەبینین، یان بە تێکەڵەیەک لە زمانی کوردی و بیانی نوسراون و ناونراون، کە بە ناوەکان بێت، وادەزنی لە نێو کەلتور و وڵاتێکی تردایین، بۆ نموونە (گاردن سیتی، پیتزای تایم، مارکێتی عبدالله، نۆژین سیتی، ئەکواپارک، دریم لاند، فرۆشگای هاوای، دیوان مۆڵ، قوتابخانەی گۆڵدن گەیت، فاملیی مۆڵ، ئینفینتی تاوەرز، تایتانیک تاوەرز، مایۆرکا سیتی، ..تاد) ئەمە نموونەیەکی کەمە، بە دەیان و سەدان ناوی بەو شێوە لە بوارە هەمەجۆرەکاندا


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە. بەتایبەتیش ئەگەر بەبێ پێویستی ئەمجۆرە ناو و وشانە وەربگیرین و بخوازرێن، ئەوا (زمان لاواز و بێتوانا دەکات، وەهای لێدەکات، مۆرکی ئاخێوەرانی پێوەنەمێنێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ونبوونی ئەو لایەنە تایبەتییانەی زمانێکی دیاریکراو بۆ ناونان لەبەرچاویدەگرن، کە پەیوەستە بە بیر و تێڕوانینی ئاخێوەرانی بۆ سروشت و دەوروبەر، هەروەها دەبێتەهۆی ئەوەی مۆرکێکی بێگانە بەو ناوە بدرێت، بەمەش زمانەکە بە کاریگەریی بیر و کەلتور و زمانەکانی دیکە ژەهراوی دەبێت و تێڕوانین و بیرکردنەوەی تاکەکانی بۆ دەوروبەریان دەشێوێت و دەکەونە بەر کاریگەریی زمانی بێگانە).(محەمەد، 2023، 330). کەواتە دەبێت ناوەکان کوردی بێت و ڕەنگدانەوەی کەلتور و نەریتی کوردی پێوەدیاربێت، تاکو کەلتوری کوردی بپێپارێزین، چونکە ناوە کوردییەکان لە لایەکەوە پارێزگاری لە ناسنامە و ڕەسەنایەتیی زمانەکە دەکات، لەلایەکی تریشەوە گەشە و پێشکەوتن بە زمانەکە دەبەخشێت.

**٥/١) ڕۆڵی کەلتور و کۆمەڵگا لە ناوناندا:**

کەلتور (چەمکێکی فرە ڕەهەندە، پێکهاتەکانی چڕ و ئاڵۆزن. چەند لایەنێک لەخۆدەگرێت، وەک: زمان، مێژوو، ئایین، هونەر، بەها کۆمەڵایەتییەکان، ئاکار، عورف و نەریت... هتد). (فەرەج، ٢٠١١، 22). زمانیش (بەشێکی دانەبڕاوی مرۆڤبوونە و گەوهەری ناسنامەی کەلتوری تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەکە).( محمد، ٢٠٢٤، 26)، بۆیە زمان و کەلتور پەیوەندییەکی گرنگ لە نێوانیاندا هەیە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. هەروەها لەمبارەیەوە (چیمۆبۆ و ڕۆزبێری) و (ڤاندایک) دەڵێن: (کەلتور زمان لە قاڵبدەدات). (فەرەج، ٢٠١١، 42)، کەواتە پەیوەندیی نێوانیان بەیەکداچووە، کەلتور لە زماندا دەردەکەوێت و زمانیش بەشێکی دانەبڕاوی کەلتورە، کەلتوریش کاریگەریی لەسەر زمان و دەربڕین و شێوازی قسەکردن و ناونان هەیە.

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، تاکەکانی کۆمەڵ پێکەوە گرێدەدات و ئامرازێکی گرنگە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا بۆ پەیوەندیکردن و لەیەکگەیشتن، زمان بەرهەمی کۆمەڵە و بەبێ کۆمەڵ نابێت، بە واتای ئەوەی بەبێ کۆمەڵ زمان بایەخ و بەهای نابێت، زمان هۆکاری پەیوەستبوون و پەیوەندیی نێوان تاکەکانە لە کۆمەڵگادا، بۆیە ناتوانرێت زمان و کۆمەڵگا لەیەکداببڕێت، ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤیش لەلایەن زمانەوە جێبەجێدەکرێت و ژیانی کۆمەڵایەتیمان بە زمانەوە بەستراوەتەوە، جگە لەمەش کەلتور و زمان پەیوەستن بە کۆمەڵگاوە، (لەنێوان فەرهەنگی زمان و کەلتور و شارستانیەتی کۆمەڵگادا پەیوەندییەکی زۆر بەهێز هەیە، تاوەکو ئەو جێگایەی کە دەتوانین بڵێین فەرهەنگی زمان ڕەنگدانەوەی کەلتوری ئەو خەڵکەیە کە قسەیپێدەکەن).(کەریم،٢٠١٠، 29). ناوەکانیش بەرهەمی کۆمەڵگان و لێی جیانابنەوە، ناویش (وەک یەکێک لە ڕەنگدانەوە گرنگەکانی کاریگەریی کولتور لەسەر زمان، دەتوانێت ڕەوتی پەرەسەندن و گەشەسەندنی بیر و هزر و لایەنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا و تاک نیشانبدات).(طیب و علینژاد، 1382، 55). بۆیە دەتوانرێت بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگا سوود لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ناوەکان وەربگیرێت.

هەروەها کەلتوریش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە و مەعنەوی تایبەتە بە تاک و کۆمەڵگا، کەواتە مرۆڤ بە کەلتور و دابونەریتەوە پەیوەستە و زمان و ناوەکانیش وەک بەشێک لە کەلتور، کاریگەری و سیمای کەلتوری پێوەدیارە، کۆمەڵگای کوردەواریش وەک هەموو کۆمەڵگاکان کەلتور و دابونەریتی تایبەتی خۆی هەیە، کە گوزارشت لە ژیان و ژیاری دەکات، ئەو کەلتور و دابونەریتانەش کاریگەرییان لەسەر زمان و ناوەکان هەبووە، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کەلتور و ڕێسای تایبەت هەیە بۆ هەڵبژاردن و دیاریکردنی ناو، چونکە ناو بەشێکە لە کەسایەتی و ناسنامەی مرۆڤ و لە ڕێیەوە تاک و کۆمەڵگای پێدەناسرێت، بۆیە (ناونان وەک هەر کردارێکی تر لەژێر کاریگەریی بەها و پاڵنەرە دەروونییەکاندایە و لە چوارچێوەیەکی

كۆمەڵایەتی و کەلتوری دیاریکراودا ئەنجامدەدرێت).(حسين و افشار، 1388، 144). کەواتە ناونان لەژێر کاریگەریی کۆمەڵگا و کەلتووردایە، بۆ نموونە کاتێک گوێت لە وشەیەکی وەک (تاقانە) دەبێت، بێگومان بیروباوەڕ و کەلتور و دابونەریتی کوردیت بە بیردادێت، کە (ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە هۆکاری کەلتوریی و دابونەریتی لە پشتە، گوایە کوڕ جێی باوک وەکو پاراستنی ڕەگەزی بنەماڵە و دەسەڵات و بنەچەیی ئەو خێزانە دەگرێتەوە). (مەنتک، ٢٠١٧، ١٠٧). لەناو کۆمەڵگە و میللەتانیشدا جیاوازیی بیروباوەڕ و کەلتور و دابونەریت بەدیدەکرێت، بەهۆی ئەمەشەوە جیاوازی لەنێوان شێوازی ناوناندا دروستبووە، کاریگەریی ئەو جیاوازییانەش لەسەر (زمان، ناو، وشە، دەستەواژە، دەربڕینەکان) ڕەنگیداوەتەوە، بە بڕوای ( Ralph fasald) زمان بەردەوام لەژێر کاریگەریی کۆمەڵ و سیما کۆمەڵایەتییەکاندایە، لەبەرئەوە هەمیشە گەواهیدەری جیایی و جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵێکی زمانین، وەک ڕەگەز و تەمەن و خوێندەواری، پلەو پایەی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵدا دیاریکەری جۆری بەکاربردنی زمانن).(ئەورەحمان، ٢٠١٥، 6).

زۆرجار لە کاتی وەرگێڕانی ئەو ناو و وشە و دەستەواژانەی ڕەنگدانەوەی کەلتور و دابونەریتەکانن توشی گرفتدەبین، بۆ نموونە وەرگێڕانی ناوەکانی (حەیران، سیاچەمانە، فەرەنجی، فەقیانە، کوڵەباڵ...تاد) بۆ زمانێکی بیانی، کەواتە (زۆر لە وشەکانی زمانێکی دیاریکراو بە تەواوی وشەی کەلتورین و مرۆڤ لە کاتی وەرگێڕانی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بەڕوونی هەست بەم تایبەتمەندبوونە دەکات و بۆی دەبێت بە کێشە). (نەریمان،٢٠١٣، ١٢) بۆیە دەبێت ناو وەک هۆکارێک بۆ پاراستن و ناساندنی کەلتور و کۆمەڵگای کوردیی بەکاربهێنین، هەوڵدەین ناوی (مرۆڤ، شوێن، کارگە، کۆمپانیا، بەرنامەی تەلەفزیۆنی،...تاد) بەزمانی کوردی بێت و گوزارشت لە دابونەریت و کەلتوری کوردەواری بکات، چونکە ناوە کوردییەکان(بەها نەتەوەییەکان،

سروشتی کوردستان، دابونەریت و بیروباوەری کوردەواری، کەلتوری کوردەواری، ... تاد). تیاندا ڕەنگیداوەتەوە.

هەروەها گۆڕانکارییە کەلتورییەکانیش کاریگەرییان لەسەر ناوەکان هەیە، بۆیە (دوای هەر گۆڕانکارییەکی کەلتوری لە کۆمەڵگایەکدا، یەکێک لەو بوارانەی یەکەمجار گۆڕانکاری تێیدا ڕوودەدات، ناوی منداڵانە).(عبدی، 1378، 1)، جا ئەگەر سەرنجبدەین لەو ناوانەی، کە لە سەدەی پێشوو بەربڵاو و بەکارهاتوون، بەم سەردەمەی ئێستا بەراوردیان بکەین، دەبینین جیاوازن و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، چونکە گۆڕانکاریی لە کەلتوری کۆمەڵگادا ڕوویداوە، ئەم گۆڕانکارییانەیش بوونەتەهۆی کاریگەریی و گۆڕانکاری لە هەڵبژاردنی جۆری ناوەکاندا. هەروەها ئەو گۆڕانی ناوانەش سەرچاوەی بەسوودن بۆ زانینی گۆڕانکاییە کەلتورییەکان، کەواتە (توێژینەوە لە ناوەکان یەکێکە لە ئامرازە کاریگەرەکان بۆ ناسینەوە و دەستنیشانکردنی گۆڕانکارییە کولتورییەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا و سەرچاوەیەکی بەسوودە بۆ زانین و تێگەیشتن لە ڕەگوڕیشەی ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە. ناوەکان لە یەکەمین ئەو بوارانەن کە بەپێی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکان دەگۆڕدرێن، هەر بەو هۆیەشەوە دەکرێت ناولێنان وەک کردارێکی واتادار و کردەیەکی کەلتوری و کۆمەڵایەتی باسبکرێت و هەژماربکرێت. بە جۆرێک کە بە لێکۆڵینەوە لە ناوەکان و گۆڕانکارییەکانیان لە ئاستی کۆمەڵگایەکدا، دەتوانرێت مەیل و ئاڕاستە گشتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەستنیشانبکرێت. بە واتایەکی دیکە، پێواژۆی گۆڕان و گۆڕانکاری لە ناوی مرۆڤەکاندا دەتوانێت ئاماژەدەری/نیشاندەری پرۆسە و ڕەوتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان بێت لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا).( آني زاده و چهري، 1392، 10)، لە زۆر ڕوانگە و ڕووەوە کەلتور و کۆمەڵگا کاریگەرییان لەسەر ناو و ناونانەکەمان هەیە، بەڵکو ناونان ملکەچی کۆمەڵێک هۆکار و لایەنی کەلتوری و کۆمەڵایەتییە، واتە ناوەکان پەیوەندییان بە چەندین هۆکارەوە هەیە و ڕەنگدانەوەی(ئاین، بیروباوەڕ، هەستی


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

نیشتمانی و نەتەوەیی، سروشت، دابونەریت، جیهانگیری، لایەنی کۆمەڵایەتی، ئەدەب و هونەر، تەکنەلۆژیا، ڕاگەیاندن،... تاد)یان پێوەدیارە، بۆیە ناوەکان تەنها وشەیەک نیین، بەڵکو بوونەتە ناسنامەی کەلتور و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا و مرۆڤەکان، بۆ نموونە هەندێک خێزان بەهۆی گرنگی و بەهای ئاینەوە، نەوەکانیان بە ناوی ئاینییەوە ناودەنێن، واتە لە نێو کۆمەڵگا و خێزانە ئاینییەکاندا، ئەو ناوانانە هەڵدەبژێرێن، کە ناوی ئاینیین یان واتای ئاینیان هەڵگرتووە، وەک (محەمەد، عەلی، عوسمان، ئایشە، ئیمان، ئەحمەد،... تاد)، یان هەندێک خێزان ناوی شاعیران بۆ ناونانەکانیان بەکاردەهێنن ( نالی، نامی، گۆران، مەولەوی،... تاد)، یان ناوی (شاخ، شار، گوڵ، هونەرمەند، گۆرانیبێژ، ئەکتەر، کەسایەتی ناودار،... تاد) بۆ ناونانەکانیان هەڵدەبژێرن، هەندێجار خێزان ناوی باپیر و داپیر، یان کەسێکی خۆشەویستیان، کە مردووە، بۆ منداڵەکەیان هەڵدەبژێرن، بۆیە ناوەکان ڕەنگدانەوەی ئەو کەلتورەن، کە لە نێو کۆمەڵگا و خێزانەکاندا هەن، هەر کۆمەڵگا و خێزانێک بەپێی بیروباوەڕ و هەستی خۆی ناو هەڵدەبژێرێت.

### ٦/١) کاریگەریی تەکنەلۆجیا لەسەر ناونان:

تەکنەلۆجیا چەمکێکی فراوانە و هەموو دروستکراو و داهێنراوەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی و باشترکردن و ئاسانکردنی ژیانی دایهێناوە. تەکنەلۆژیا بریتییە (لە کۆمەڵێک زانیاری، ئامراز و تەکنیکەکان کە لە زانست و ئەزموونی کردارییەوە/پراکتیکییەوە سەرچاوەیان گرتووە و لە پەرەپێدان، دیزاین/نەخشەسازی، بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی بەرهەمەکان، پرۆسەکان، سیستەمەکان و خزمەتگوزارییەکاندا بەکاردەهێنرێن).(کشانی، 1386، 2). تەکنەلۆجیا هۆکارێکە بۆ زیاترکردن و بەرەوپێشچوونی زانست و زانیاری، هەروەها بۆ باشترکردن و پێشخستنی ژیانی مرۆڤ و چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەیە، کە دێنە ڕێگەی مرۆڤ، بۆیە لەمڕۆدا، تەکنەلۆجیا گرنگییەکی زۆری بۆ ژیانی مرۆڤ هەیە،



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

کاریگەریی تەواوی لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ هەیە، چونکە هەموو کایەکانی ژیانی گرتووەتەوە، پێویستییەکی گرنگی ژیانە و بەردەوام بەکاریدەهێنین، بەردەوامیش لە پێشکەوتن و گەشەسەندندایە، گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی خێرای تەکنەلۆجیا، یەکێک لە پێشهاتە گرنگەکان و ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پێشخستنی زانست و زانیاری و ژیاری مرۆڤدا، لە بواری بەدەستهێنانی زانیاریش هاوکاری مرۆڤی کردووە، کە بە کەمترین کات زانیاری بەدەستدەخات و هەڵگرتن و گواستنەوەی زانیاریشی ئاسانکردووە، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە جیهاندا هێناوەتەئاراوە، مرۆڤەکانی لە ناوچە و وڵاتە جیاواز و دوورەدەستەکانەوە پێکەوەگرێداوە، جیهانی وەک گوندێکی بچووک لێکردووە، مرۆڤەکان دەتوانن وەک دانیشتوانی گوندێک لەیەکترییەوە نزیکبن و پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا هەبێت، هەواڵ و زانیاریش بەدەستبخەن.

ئێستا هەمووان بۆ ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانەیان پێویستیان بە تەکنەلۆجیا هەیە، ناشتوانرێت دەستبەرداری ببین، چونکە هەمووان پێویستیان پێیەتی و هەموو ماڵێک پڕبووە لە بەرهەمەکانی تەکنەلۆجیا، هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیانی گرتووەتەوە، یەکێک لەو بوارانەش کە تەکنەلۆجیا کاریگەریی لەسەری هەیە، زمان و فەرهەنگی زمانە، چ بە دیوی ئەرێنی بێت، یان نەرێنی، هەروەها (زمان و پێواژۆ زمانییەکان، بە سروشتی تایبەتییەوە، سەرەکیترین ئامێری بەشداری تەکنۆلۆژیا و داهێنراوە سەردەمییەکانی تەکنۆلۆژیان. ئەمەیش وایکردووە زمان ببێتە هۆکاری یەکەمین لە پەیوەندیگرتنی نێوان مرۆڤ و تەکنۆلۆژیادا. ئەم ڕاستییەیش لە زیرەکیی دەستکرد و خزمەتگوزارییە تەکنۆلۆژییەکاندا ڕوون و بەرچاوە).(غەریب، ٢٠٢٤، 56). تەکنەلۆجیاش بە سەدان وشە و واژە و ناوی نوێی هێناوەتە ناو زمانەوە، کە هەر یەکەیان لە بوارێکی تایبەتی خۆیدا بەکاردێت. بۆیە (زمان و تەکنۆلۆژیا دوو پێویستیی گرنگی ژیانی مرۆڤن، یەکەمیان واتە زمان هۆکاری سەرەکیی بونیادنانی کۆمەڵگای


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

مرۆڤایەتی و میکانیزمی سەرەکیی لێکگەیشتن و پەیوەندیکردنی تاکەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، دووەمیان واتە تەکنۆلۆژیا لە هەموو چاخ و سەردەمێکدا هاوتا و پارێزەری هاوسەنگیی ژیانی مرۆڤ بووە، بێگومان بە ڕەچاوکردنی جیاوازیی تەکنۆلۆژیا بەپێی جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ. واتە مرۆڤ لەوەتەی هەیە وەک چۆن ناتوانێت دەستبەرداری زمان ببێت، ئاواش هەرگیز ناتوانێت، دەستبەرداری تەکنۆلۆژیا و داهێنان ببێت، ئیتر ئەو تەکنۆلۆژیایە چ لە شێوەیەکی هەرە سادەدا بووبێت، یان لە لوتکەی تەکنۆلۆژیای ژمارەییدا بێت).(محمد، ٢٠١٤، ١١٥). کەواتە تەکنەلۆجیا چەمکێکی فراوانە و دەستتێوەردانی لە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤدا کردووە، هەروەها کاریگەریی لەسەر ناونان هەیە، چونکە بەردەوام کەرەستە و داهێنان و چەمکی نوێ پەیدادەبن، کە پێویستیان بە ناونان دەبێت، بە وشە و زاراوەی نوێ ناودەنرێن، بەمەش وشە و زاراوەی نوێ دێتە نێو زمانەوە و کاریگەریی لەسەر زمان دەبێت، بۆیە فەرهەنگی زمان بەردەوام نوێدەبێتەوە و خۆیشی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا دەگونجێنێت. بەمەش (ئەم جیهانی تەکنەلۆجیایە و کرانەوە خێرایە کاریگەریی لەسەر زمان و کەلتور و فەرهەنگی کوردی پەیداکرد، وایکرد تێکەڵاوبوونێکی زۆر و خێرا ڕوویدات).(حسین و حەمەدئەمین، 2020، 589) و چەندین زاراوە و وشەی بیانی بێتە نێو زمانی کوردییەوە، کاریگەرییشی لەسەر ناونانەکان هەبێت.

ناوە بیانییە وەرگیراو و خوازراوەکان یان وەک خۆیان، یان بەدەستکارییەوە هاتونەتە نێو زمانەکەوە، وەک (کۆمپیوتەر، لاپتۆپ، ماوس، وای فای، ئینتەرنێت، پرینتەر، واتساپ، فەیسبوک، ئینستاگرام، میمۆری، فلاش میمۆری، سیمکارت، ئێکس بۆکس، پلەیستەیشن، هێدفۆن، مایک، کیبۆرد، سکانەر، ئۆتۆمبیل، موبایل، ئایپاد، تابلێت، پاوەربانک، سیدی، دیڤیدی،...)چەندین نموونەی تر لە بوارە جیاوازەکاندا، هەروەها(هەر


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

داهێنانێکی تەکنەلۆژیایی، کە کۆمەڵگایەک خاوەنیەتی، بێگومان ئەم داهێنراوە سەرەتا موڵکی ئەوە و خۆیان ناوی داهێنراوەکەیان داناوە، کاتێکیش ئەم داهێنراوە دەگاتە ناو کۆمەڵگایەکی تر، ئەگەر لە توانایاندا هەبوو ناوێکی بۆ دەدۆزنەوە جا ئەم ناونانە لەلایەن ئەکادیمیا و ناوەندێکی زانستی و ڕۆشنبیری بێت، یاخود لەلایەن دەستە و تاقمێکەوە بێت، بەڵام زۆربەی کات داهێنراوەکە هەر بە ناوە بنچینەییەکەی خۆی دەڕوات).(سەرچاوەی پێشوو،2020، 588) ئەو ناوانەی لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە زۆربوون، بە تایبەتیش لە زمانی ئینگلیزییەوە، لەبەرئەوەی زمانی ئینگلیزی زمانی باڵادەستی تەکنەلۆجیایە و (وای لێهاتووە وشە و زاراوەی ئەم زمانە بە هەموو لایەکی جیهاندا بڵاوبووەتەوە و خەڵکی بە هەموو توێژە جیاوازەکانەوە ڕۆژانە بەکاریدەهێنن، وەک وشەکانی بواری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە نموونەی: (لایک، کۆمێنت، شەیر، تاگ، فرێند، سۆوشیاڵ میدیا، بلۆک، فۆڵۆو، فۆڵۆوەر، سناپ، چات، ماسنجەر، مەسج، ڤۆیس مەسج، فلتەر، سکرین شوت، سێند، سێرچ، فایل، پۆست، ...هتد).(مستەفا،2023، 438)، بەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە (لە سایەی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیادا وشە و زاراوەی دەرەکی ئاوێتەی زۆربەی زمانە جیهانییەکان و هەرێمایەتییەکان دەبێت).(مجید، 2019، 20). زمانی کوردیش وەک یەکێک لە زمانەکانی جیهان، وشە و زاراوەی بیانی تێکەڵبووە، کەواتە لەو ڕووەوە ناونانیش لەژێر کاریگەریی تەکنەلۆجیادایە و ئەو کەرەستە و داهێنراوانە لە سەرجەم بوارە جیاوازەکاندا، بە ناوە بیانییەکەیەوە لەناو زمانەکەدا بڵاوبووەتەوە و بووەتە بەشێک لە ناوەکانی زمانی کوردی، هەرچەندە ئەمە ئاساییە و لە سەرجەم زمانەکانی جیهاندا ڕوودەدات و فەرهەنگی زمانی پێ دەوڵەمەند دەبێت، بەڵام (مەترسی ئەوە هەیە کە تەکنەلۆژیا کە زۆرینەی بە زمانی ئینگلیزییە، بتوانێت زمان و کەلتورە میراتییەکان زیاتر سەرکوت بکات). (داودی، 2024، ٢٢) و ببێتە هەڕەشە بۆ زمان بە تایبەتی زمانی ئەو میللەت و گەلانەی خاوەنی داهێنان و دەسەڵات و کیان نین.

بۆ پاراستنی زمان و ناونانەکان، پێویستە وشەکان بە کوردی بکرێن، یان ناوی کوردییان لێبنرێت، یان وشەکان بخرێنە ژێر فۆنەتیک و ڕێنووسی کوردییەوە، تاکو ببێتە هۆکارێک بۆ پێشخستن و پاراستنی زمانی کوردی، چونکە (هاتنی ئەم هەموو ژمارە زۆرەی وشەی ئینگلیزی بۆ ناو زمانی کوردی لە لایەکەوە دەبێتە مایەی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی، لەلایەکی تریشەوە کاریگەریی نەرێنی لەسەر بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەعریفیی لۆکاڵی و ئاسۆکانی گەشەپێدانی زمانی کوردی دەبێت، بە تایبەتی کە ئاڕاستەی فەرمی و نافەرمی بەرەو جێگیرکردنی زیاتری زمانی ئینگلیزییە لە بوارە گشتییەکاندا)(مجید، 2019، 26). ناوە بیانییەکان یان وەکو خۆیان و بەبێدەستکار (سی دی، تەکسی، لاپتۆپ،...) وەردەگیرێن، یان دەخرێنە ژێر فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە(کۆمپیوتەر، تەلەفون، تەلەفزیۆن،...) و بەکاردەهێنرێن، هەرچەندە هەندێک لەو وشانە بەرانبەریان وشە کوردییەکە هەیە، بەڵام وشە بیانییەکە زیاتر بەکاردەهێنرێت، وەک( پاسوۆرد: وشەی نهێنی، یوزەرنەیم: ناوی بەکارهێنەر، لینک: بەستەر، کیبۆرد: تەختەکلیل، داونلۆد: داگرتن،...) بۆیە زمانی کوردی پێویستی بە پلان و سیاسەتی زمانەوانیی بەهێز هەیە، تاکو وشەی کوردی بۆ ناو و ناونانەکان بەکاربهێنرێت، یان ئەو ناو و وشانەی وەردەگیرێن، بەگوێرەی پێویستیبێت و بخرێنە ژێر ڕکێفی فۆنەتیک و ڕێنووسی کوردییەوە، بۆئەوەی ببێتەهۆی گەشەسەندن و پێشکەوتن و پاراستنی زمانی کوردی.

### ٧/١) کاریگەریی بەجیهانیبوون و زمانی بیانی لەسەر ناونان:

جیهانگیری بە واتای نەمان و داڕمانی سنوورەکانی وڵاتانە لەسەر ئاستی جیهانی، پڕۆسەیەکی فرە لایەن و فراوانە، کە کاریگەریی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ هەبووە و گۆڕانکاریی بەسەر زۆربەی بوارەکاندا هێناوە، بووەتەهۆی نزیکبوونەوە و یەکگرتنی جیهان، بۆیە جیهانگیری بریتییە لە (پڕۆسەی چڕبوونەوەی

کات و شوێن، کە لە ئەنجامیدا مرۆڤەکانی جیهان بەهۆی پێویستییان بە یەکتر، بە شێوەیەکی هۆشیارانە دەبنە کۆمەڵگایەکی یەکگرتووی جیهانی. بەم شێوەیە زۆربەی سنوورە جوگرافی و سیاسییەکان دەگۆڕێن بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و کەلتوری لەنێوان کۆمەڵگاکاندا، یان کەمدەبنەوە و لەناودەچن)(.شهرام نیا، 1392، ٥٦)، یاخود جیهانگیری وایکردووە، جیهان ببێت بە دێیەکی بچووک و (مانایەک بۆ دووری ناهێڵێتەوە و شتەکان بە جوڵەیەکی خێرا لەیەکدی نزیکدەکاتەوە. هەموو ئەمانەش بەسەریەکەوە کاریگەریی گەورە لەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و کەلتوری و ئەخلاقی کۆمەڵگا جیاجیاکان بەجێدەهێڵن).(قانیع، ٢٠٠٤، ٢٤). بەستنەوەی جیهان بەیەکتری و بەزاندنی سنووری نێوان وڵاتان، لێکنزیکبوونەوەی نەتەوە و کۆمەڵگاکان، بووەتەهۆی (دەستگرتن بەسەر بازاڕە خۆماڵییەکان و کاڵکردنەوەی سەروەریی نیشتمانی و نەتەوەیی تا ئاستێک و کاڵکردنەوەی شوناسی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی و کارکردن بۆ سڕینەوەی تایبەتمەندییەکان).(بارام،2017، 94-95)، هەروەها گەشەکردنی بێوێنەی زانست و تەکنۆلۆجیا و تەکنۆلۆجیای پەیوەندیکردن، بەرهەمهێنانی کەرەستە و ئامێرەکان، کاریگەریی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ داناوە، بووەتەهۆی پێکەوەگرێدانی جیهان و سڕینەوەی دوورییەکان و هێنانەئارای جیهانگیری، چونکە جیهانگیری(شۆڕشێکی زانستی تەکنەلۆژیا و کۆمەڵایەتییە). (یاسین،٢٠٠٧، ٨٩)، کەواتە جیهانگیری شۆڕشی تەکنەلۆجیا و گەشەی بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان و لایەنی کۆمەڵایەتییە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەیەکتری نزیککردووەتەوە، بۆیە گەشەکردنی تەکنۆلۆجیا و گەشەکردنی هەمەلایەنەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵێکی تەواویان لە بەجیهانیبوون و جیهانگیریدا هەیە، پەیوەندییان بە ڕەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، ئەمەش وایکردووە، جیهانگیری بەناو هەموو کایەکانی ژیاندا ڕۆبچێت، کەواتە جیهانگیری دیاردەیەکی فرەڕەهەند و ئاڵۆزە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش

چڕتر و بەهێزتر دەکەن و وابەستەی یەکتریان دەکەن، واتە جیهانگیری وابەستەی چڕبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی جیهانە.

یەکێک لەو لایەنانەی کاریگەریی جیهانگیری لەسەر هەبووە، زمانە، بەهۆی جیهانگیریشەوە چەندین ناو و وشە هاتوونەتە نێو زمانەکەمانەوە، زمانی ئینگلیزیش وەک زمانی باڵادەستی زانست، ئینتەرنێت، تەکنەلۆجیا، پەیوەندیکردن، ڕاگەیاندن...هتد، لە هەموو بوارەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئێستا زمانی ئینگلیزی لە ڕێگەی جیهانگیرییەوە (باڵی بەسەر زۆربەی زمانەکانی جیهاندا کێشاوە و بووەتە زمانێکی جیهانی و ئامرازی پەیوەندییکردن بۆ بەکارهێنان). (برزو، ٢٠٢٠، 252). بەمەش زمانی کوردی کاریگەریی زمانی ئینگلیزی پێوەدیارە، چەندان وشە و ناو لە زمانە بیانییەکانەوە و بە تایبەتیش زمانی ئینگلیزی هاتووەتە نێو زمانی کوردییەوە، بەمەش زمانی بیانی (ڕەنگدانەوەی لەسەر ناو و نازناو و ناولێنانی منداڵان و ناونیشانی تابلۆی دوکانەکانیش دروستکردووە).(عەلی، ٢٠١٦، 136)، وایکردووە، کە ناوێکی بیانی زۆر بەکاربهێنرێت، هەروەها بووەتەهۆی سەرهەڵدانی ناوی تێکەڵ و هاوبەش لەنێوان نەتەوە و وڵاتاندا، هەرچەندە ناو و ناونانەکان لە زمان و کەلتورەکاندا جیاوازن. بە گشتی ناوەکان کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکانی جیهانگیری و جیهانی لەسەرە، کاریگەرییەکانی زمانی بیانی و جیهانگیریش (لە ڕێگەی وشە و دەربڕاوە زمانییەکانەوە لە زمانی کوردییدا ڕەنگدەدەنەوە، بۆ نموونە بەهۆی جیهانگیرییەوە و پەیوەست بە کەلتوری خواردن و گۆرانی ستایڵ و شێوازی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵی کوردییەوە، دەیان وشەی جیاوازی ناوی خواردنە جیاوازە بیانییەکان هاتووەتەناو فەرهەنگی کوردییەوە، وەک: (سەندەویچ، هەمبەرگر، پیتزا، شاورمە، سوشی، چلفرا، کنتاکی، موقەبیلات، فاست فود، فینگەر، کاهی، سەموون حەجەری، کۆکتێل، فالودە، ئایسکرێم، ...،هتد). (مستەفا، 2023، 437)، ئەم ناوە بیانیانەش تێکەڵ و ئاوێتەی زمانەکە دەبن،


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

کاریگەری لەسەر زمانی کوردی دادەنێن و دەبنە بەشێک لە فەرهەنگی زمانەکە و تێکەڵ بە زمانەکە دەبن، بە تایبەتیش ناوی ئەو ئامێر و کەرەستانەی، کە داهێنراون و نوێن، چونکە ئەو ناوانە ڕۆژانە بەکاریاندەهێنین، لەسەر زاری خوێندەوار و نەخوێندەوار دەبیسترێن، وەک (کابۆ، ستۆدیۆ، مونتاج، ماتۆڕ، لاپتۆپ، کەوانتەر، ڤێلا، ئەمپێر، فیوز، فیت پەمپ، بریک، تالاسیما، کانولا، بایکۆت، لالیگا، سپیلت، هیتەر، ئەکتەر، کلیپ، هۆتێل، سۆپەرمارکێت، ئەڤاکادۆ، سەلەمون، مکیاج، مۆندیال، سیمینار،...هتد). کاتێک ناوی ئەو کەرەستە و ئامێر و چەمکانەی دادەهێنرێن، سەرەتا دێنە نێو زمانی کوردییەوە، پێویستیان بە ناونانە، ئەگەر بەرانبەریان ناوی کوردی دانرا و بەکارهات، ئەوا بە ناوێکی کوردییەوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەگەر هیچ وشە و ناوێکی کوردی بۆ دانەنرا، ئەوا هەر بە ناوە بیانییەکەوە بەکاردەهێنرێت، ناوەکەش دێتە نێو زمانەکە و بایەخ پەیدادەکات، لە نووسین و ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێت، بۆیە پێویستە تاکو دەکرێت بۆ ناو و ناونانەکان وشەی کوردی ڕەسەن بەکاربهێنرێت، بەپێی ڕێسا و دەستوری زمانی کوردی، چونکە (کاتێک وشەیەکی ڕەسەن وەکو ناوی (منداڵێک، شوێنێک، شەقامێک)، یا هەرشتێکی دیکە دەنرێت، ئەوە وشە ڕەسەنەکە لە تیاچوون دەپارێزرێت و سیمای زمانەکەش بە شوێنەکەوە دیاردەبێت و لەگەڵ یاسای دەنگیی و گۆکردنی زمانەکەش باشتر دەگونجێت). (غەریب و نادر،2015، 784)، ئەمەش بۆ پاراستن و لەناونەچوونی سیما و تایبەتمەندیی ناوەکان گرنگە، بۆیە دەبێت تاکی کورد هۆشیاریی زمانی هەبێت و ناوی بیانی لە (منداڵ و شوێنی کار ....هتد)ی نەنات، هەروەها حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان پەیوەست بەو ناونانەوە، ڕێگری لەو جۆرە ناونانە بکەن، کە بە زمانی بیانییە.

لەڕاستیدا ئەو ناوە بیانییانەی کە لە تابلۆی شوێنی کار و سەیرانگا، شەقامەکان و پڕۆژەکان، ناونانی منداڵان دەنرێت، یان بەکارهێنانی لە بواری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

و پەیوەندیکردن، ئینتەرنێت، لە باخچە و خوێندنگە و زانکۆکان، بووەتە ئاڵنگارییەکی جددی بۆ سەر زمانی کوردی، وایانکردووە، کە ناوێکی زۆری بیانی بێنە نێو زمانەکەوە. هەروەها (کاتێک شوێنێکی گەشتیاری یاخود هەر شوێنێکی دیکە ناوێکی بیانی پێوە دەنرێت، جگە لە ئەوەی وشە بیانییەکە دەبێتە مۆتەکەی سەر زمان و بەرگە کەلتورییە کوردییەکە لێڵ و گوماناوی دەکات، لە هەمان کاتیشدا وشەکانی زمانەکە بەرە و لەناوچوون دەچن، واتە کاتێک ناوی شوێنێک بە یەکێک لەم ناوانە، وەک؛ (چێشتخانەی ڕۆما، گازینۆی نیلوفەر، سەمونخانەی بغدادی، ئارایشگای ئەلیسا، کەبابخانەی ابو نەواس،....هتد ) دەنرێن، دەبینین ئەم ناوانە جێگەی ناوە کوردییەکان دەگرنەوە و ڕەنگە ڕۆژانێک بێت نکۆڵی لە کوردبوونی ئەو شوێنانە بکرێت).(سەرچاوەی پێشوو،2015، 785)، ئەوەی دەیبینین زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانەکانی تری جیهان، کاریگەریی جیهانگیریی و بەجیهانیبوونی زمانی لەسەرە، بە تایبەتیش زمانی ئینگلیزی، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی چەندان وشە و زاراوە و ناوی نوێ لە سەرجەم بوارەکاندا، بێتە ناو زمانی کوردییەوە، هەرچەندە لە لایەکەوە فەرهەنگی زمانەکەی دەوڵەمەندکردووە، بە تایبەتی ئەو ناو وشە و زاراوە ئینگلیزیانەی وشەی کوردی بەرانبەریان نییە، بەڵام لە لایەکی تریشەوە مەترسییەکی ڕاستەقینەی لەسەر زمانی کوردی دروستکردووە، چونکە (ئەمە مەترسییەکی گەورە و ترسناکە بۆ داهاتووی زمانی کوردی، کە تابلۆی بازاڕ و شوێن و دامەزراوە جیاجیاکانی کوردستان پڕکراوە لە وشە و زاراوەی بێگانە، کە لەبەرکردن و وەرگرتنیان بۆ ڕۆشنبیر و خوێندەواریش زەحمەتە، ئەمجا چ جای بۆ نەخوێندەوارانی میللەتەکەمان).(شوانی، 2011، 119).

### ٨/١) پێواژۆی ناونان پەیوەست بە ناسنامەی نەتەوەییەوە:

زمان و ناسنامە ( الهوية، Identity) دوو بەشی لێکجیانەکراوەن، پەیوەندییەکی نزیک و بەهێز لە نێوان زمان و ناسنامەدا هەیە، (پەیوەندیی نێوان زمان و ناسنامە

پەیوەندییەکی بەهێز و نەپچڕاوە، هەردووکیان بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، هەموو کەسێک کاریگەریی ئەم پەیوەندییەی لەسەرە، زمانەکەمان و دەوروبەرمان دیاریدەکەن ئێمە کێین، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیی ئەو زمانەی کە لە نێوانمان و لەناوماندا بەکاردەهێنرێت). (Alshehri, 2023,156) کەواتە هەردووکیان لەژێر کاریگەریی یەکتردان، زمان لە داڕشتنی ناسنامەدا دەسەڵاتی هەیە، وەک لایەنێکی گرنگی ناسنامەش، کاریگەریی ناسنامەی لەسەرە، بۆیە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، ناسنامەش گوزارشت لە ژیانی مرۆڤ دەکات و چەمکێکی فرە ڕەهەندە، ناسنامەی نەتەوەییش (لە کومەڵە تایبەتمەندییەکی پێکەوە گرێدراوی وەکو زمان، خاک، مێژوو، کولتوور و ...هتد، پێکهاتووە و لە ئەنجامی پێکەوەبوونی ئەم تایبەتمەندییانەوەیە کە نەتەوە شوناس و کەسایەتی وەردەگرێت).( حەسەن،٢٠١٩، 437). زمانیش وەک بناغە و مانەوەی هەر گەل و نەتەوەیەک لە پاراستن و دەرخستنی ناسنامەدا گرنگیی خۆی هەیە، سەرمایەیەکی گەورەی هەر نەتەوەیەکە، پاراستنی زمانی نەتەوەیی هۆکارە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی.

بیرمەندی ئەڵمانی(هێردەر) گوتویەتی: زمان ڕۆحی نەتەوەیە،(ئەحمەد،2023، 91)، لەلایەکی دیکەوە (باڕی بوزان) دەڵێ: ناسنامە گیانی گەل و کۆمەڵگەیە، کاتێک گوتەکانی (هێردەر و بوزان) تێکەڵاودەکەین، دەبن بە: زمان و ناسنامە گیانی گەل و نەتەوەن.(سەرچاوەی پێشوو،2023، 92). جگە لە زمان لایەنەکانی تریش وەک:(کەلتور، دابونەریت، مێژوو، سیاسی، ئابوری، ئایین، ژینگە، جوگرافیا، بەها، خاک...) لە دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا ڕۆڵدەگێڕن، بەڵام زمان لە هەموو ناسنامەکانی تر جیاوازترە، هەروەک (مارتن هایدگر) دەڵێت: (زمانماڵی منە، ئەو وڵات و شوێنی نیشتەجێبوونی منە).(عەبدلرەحمان، 2021، 37). بۆیە مانەوەی هەر نەتەوەیەک، بەهۆی

مانەوەی زمانەکەیەتی، چونکە هۆکاری پاراستنی ڕۆشنبیری و هزر و کەلتوری نەتەوەیە.

بەلای (جوزیف)ەوە (ناسنامە تایبەتمەندییەکە، کە دەبێتە هۆی جیاوازیی نێوان تاک و کۆمەڵگە و نەتەوەیەک، لە تاک و کۆمەڵگە و نەتەوەیەکی دیکە).(عبدالله، ٢٠٢٢، 67)، بەمەش تایبەتمەندی و خەسڵەتی نەتەوە و گەلێک لە نەتەوە و گەلێکی تر ناکات، هەر نەتەوە و کۆمەڵێک خاوەن تایبەتمەندیی جۆراوجۆر و جیاوازن، هەروەها زمان دەبێتە (ناسنامەی نەتەوە و بە بەشێک لە ئاسایشی نەتەوە دادەنرێت).(سلێمان و سەعید، 2021، 138)، زمان نقومی ڕۆشنبیری و بیروباوەڕ و کەلتور و ناسنامەی مرۆڤ دەبێت و دیارترین کۆڵەکە و ڕاگرێکە بۆ مانەوەی نەتەوە و ناسنامەی میللەت، ( Zalmay) پێیوایە ( بەبێ زمان، هەموو جۆرەکانی ناسنامە، لەوانەش ڕەگەز، نەتەوە، ئایین و کەلتور لەدەستدەچن).(Jaber 2022,82 )، کەواتە (بەوهۆیەوە دەبێت بگوترێت زمانی کوردی پێگە و کۆڵەگەیەکی نەتەوەییە، گرانایی فەرهەنگی نەتەوەکەمانی لەسەر شانی خۆیدا هەڵگرتووە).(ئەحمەد، 2023، 95- 96)، کەمە نەتەوایەتی و ژێردەستەکان بەهۆی ئەوەی لە ژێر دەسلاتی داگیرکەراندا بوون و داگیرکەرانیش بەردەوام (هەوڵی سڕینەوە و لەبیربردنەوەی زمان و کەلتور و مێژووی کەمە نەتەواتییەکان دەدەن بە جۆرەها پلانی داڕێژراو بۆ توانەوەیان لە نێو زمان و کەلتور و مێژووی سەپێندراوی داگیرکەردا).(کاکەیی،٢٠٢٢، 236). کوردیش میللەتێکی دابەشکراوە بەسەر چەند وڵاتێکی داگیرکەردا، داگیرکەرانی کوردستانیش هەمیشە (لە هەوڵی گۆڕینی ئاکاری نەتەوایەتی کورددا بوونە. هەوڵیانداوە زمانەکەیان بشێوێنن، وشەی نامۆی بخەنە فەرهەنگەکەیەوە، تاوەکو بیکەنە بیانوویەک، لە سەنگ و شکۆی کەمبکەنەوە).(تەنیا، ٢٠٠٨، 8)، لەو ڕێگەیەشەوە هەوڵیانداوە ڕێگیری لە ناوی کوردی بکەن بۆ ناونان، یان ناوە کوردییەکان بگۆڕن بۆ ناوی تر، بۆ نموونە گۆڕینی ناوی (کەرکوک) بۆ (تأميم). بۆیە

زۆر گرنگە کورد هۆشیاریی نەتەوەیی هەبێت و ناوی کوردی لە منداڵ و شوێن و شتەکان بنەن.

ناوی کوردی بۆ مرۆڤی کورد مانەوە و پێناسی نەتەوەییەتی، کەسێک کە ناوێکی کوردی و نەتەوایەتی لە شوێنێک یان منداڵێکی دەنێت، ئەوا ڕەنگدانەوە و کاریگەریی هەستی نەتەوەیی لەسەرە و ئەم ڕەنگدانەوەیەش تێکەڵ بە بیرەباوەڕ و هزری بووە، دەبێتەهۆی دەرخستن و پاراستن و ناساندنی ناسنامە کوردییەکەی، بۆ نموونە ئەگەر لە هەر قوژبنێکی ئەم دونیایە گوێت لە ناوێکی وەک (هەڤاڵ، هێمن، هیوا، ژیان، ئالا، دڵخواز،...) بێت، دەزانیت کوردە، جگە لە کورد کەس ئەم ناوانە لە منداڵان نانێت، بەڵام کاتێک گوێت لە ناوێکی وەک (ئەحمەد) دەبێت، ناتوانیت بە ناوەکەدا بزانیت ئەو کەسە ناسنامەی کوێیە (کورد، فارس، عەرەب، تورک، مالیزیی، پاکستانی...)ە، کەواتە ناوە کوردییەکان ڕەنگدانەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ناسنامەی نەتەوەیین، دەبنە هۆی بوژانەوەی مێژوو و کەلەپور و هەستی نەتەوایەتی، بۆیە ناوی نەتەوەیی (جهێ پیناسە یا نەتەوەیی دگریت. ترسا داگیرکەری هەر ملەتەکی ژ ناڤی نەتەوەیی ئەوە، ژیدەری ناڤی ژ جەڤەنگ و هیمایین وی ملەتی یێ وەرگرتییە، ژ شاهـ و سەرکردە و هزرڤان و قارەمان و دلدارین وی ملەتییە). (عەبدلرەحمان،٢٠٢١، 118)، ناوەکانیش وەک بەشێکی گرنگی زمان بۆ ناساندن و جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنی ناسنامەی تاک و کۆمەڵگە و نەتەوەن. یەکەمین بەردی بناغەی ناسنامەیە و سەرەتاییترین شتە، کە لەبارەی کەسێک یان شوێنێکەوە دەیزانین، یەکەم ناسنامەی مرۆڤە. ئەوەش ڕوونە، کە ( وشەی نێو فەرهەنگی زمانی هەر نەتەوەیەک تەنیا لە چوارچێوەی وشەکەدا نامێنێتەوە، بەڵکو وشەکان ڕەمزن بۆ ناسنامە و مێژووی زمانێکی دیاریکراو کە سنووری واتا تێدەپەڕێنێت چەمکی شارستانی و ڕۆشنبیری و زەمەنی دواوەی وشەکان دەدرکێنێت)(عەبدولڕەحمان و سەعید،2019، 112). بۆیە لە زمانی


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

کوردیشدا پەیوەندیی (دناڤبەرا ناڤێن کوردان و ناسناما وان یا نەتەوەیی هەیە، کو بەردەوام هەولدانە زارۆیێن خۆ بناڤێن کوردی ب ناڤ کەن یێن دەربرینێ ژ ناسناما نەتەوەیی و ئەزموونا مرۆڤێ کورد و شێوازێ ژیان و مێژوویا کوردان بکەت).( Salim Haji & Barany, 2023, 16)، هەرچەندە ئێستا ناوی بیانی بەکارهێنانی زۆربووە، زمانی کوردی پڕبووە لە ناو و وشەی بیانی، بەڵام پێویستە ناوە کوردییەکان بەکاربهێنرێت، تاکو ناسنامەی نەتەوەیی پارێزراوبێت. لەڕاستیدا ناولێنان بە زمانی کوردی (بنەمایەکە لە بنەماکانی هەستی نەتەوەیەتی و مرۆڤیش لە هەر شوێنێک، لە نێو هەر گەلێک بێت، ناوەکەی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دەرخستنی ناسنامەکەی، هەروەها ناولێنان بە زمانی کوردی دەبێتەهۆی بوژانەوەی مێژوو و کەلەپور و جوگرافیای کوردستان).(عباس، 2004 ، 34)، بەڵام بە پێچەوانەوە ناوی بیانی ناسنامە کوردییەکە دەشێوێنێت و دەبێتەهۆی ئەوەی کاریگەریی هەژمونی زمانی بیانی بەسەر زمانەکەوە دیاربێت، بۆ نموونە زمانێکی وەک (عەرەبی، ئینگلیزی) کاریگەریی تەواوی لەسەر زمان و ناو و ناونانی کوردییەوە هەیە، زۆر لە ناونانەکانی زمانی کوردی چ (کەسی، شوێن) بوونەتە ناوی بیانی و ناسنامەیەکی بیانییان وەرگرتووە، بوونەتە هۆی سەرکوتکردنی ناسنامەی زمانی کوردی، هەروەها بەبێ پلان و زۆر بەکارهێنانی زمانی بیانی بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی، کارییگەرییان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردی دەبێت، بە تایبەتیش ئێستا کاریگەرییەکە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و جیهانگیرییەوە زۆرتر بووە، بۆیە دەبێت بە هۆشیاری و بە پلانەوە مامەڵە لەگەڵ زمان و ناونانەکاندا بکرێت، چونکە زمان بناغە و مانەوەی هەر گەل و نەتەوەیەکە.

دەتوانرێت بە بەکارهێنانی ناوە کوردییەکان زمانی کوردی بپارێزرێت و بەرەوپێشببرێت، بۆنموونە ناوی مرۆڤ و تابلۆ و ناوی سەر کۆگا و بازاڕەکان، ناوی کوردیبن و ناوی کوردییان لێبنرێت، ئەوا لە بنیاتنانی ناسنامەدا یارمەتیدەردەبێت،

چونکە ناوەکان وەکو ناسنامەیەک (بۆ ناسینەوەی کەس، شوێن، شتەکان و تەنانەت بیرۆکە یان چەمکەکان بەکاردەهێنرێن).(Snae and Brückner , 2006,619). ناوەکان لە هەموو کۆمەڵگا و نەتەوەکاندا ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤن، پەیوەندییان بە لایەنی کەلتوری و کۆمەڵایەتی و... هەیە، لەناو میللەتی کوردیشدا ناوە کوردییەکان ڕەنگدانەوەی هەستی نەتەوایەتیی پێوەدیارە، ئەو ناوانەی کە دەربڕی ئەم هەستەن، هەر بە بیستن و گوێلێبوونیان هەست بە ناسنامەی کوردییان دەکەیت و دەزانرێت، کە ئەو ناوانە کوردین و سەر بە نەتەوەی کوردن، بۆنموونە ئەگەر لەم ناوانە: (شوان، بەختیار، مەریوان، کاوە، خانزاد، سروە، مهاباد، ڕەوەند، ژیان، سۆران، شاهۆ، پێشڕەو، پێشەوا، سەنگەر، ڕاوێژ، هاوڕێ، سەرکەوت، پشتیوان، دیاری، تۆڵە، ڕزگار، کوردستان، کوردۆ، خەبات، ...) ڕابمێنیت، دەبینیت ناسنامەی کوردییان پێوەدیارە و دەرخەری هەست و بیروباوەڕ و کەلتوری کوردین.

**٩/١) هۆکار و سەرچاوەکانی ناونان:**

ناوەکان لە سەرچاوەی جیاوازەوە وەرگیراون و بەهۆی هۆکار و پاڵنەرە جیاوازەکانەوە، مەبەست و مانای جیاواز لە خۆدەگرن، بۆیە لەڕووی مەبەست و ماناوە جیاوازن، دەشکرێت ناوێک هەڵگری چەند مانا و مەبەستێک بێت، واتە بچێتە ژێر چەند خاڵێکەوە، بۆیە ناوەکان هەڵگری واتای جیاوازن، بۆ نموونە دەکرێت ناوێکی وەک (چیا، سەفین) بۆ مەبەستی سروشتی و هەستی نەتەوەیی بێت، یان ناوەکانی تر. هەڵبژاردنی ناوێک دەتوانێت لەژێر کاریگەریی سەرچاوە و هۆکاری جۆراوجۆردا بێت. بۆیە زۆرجار ناوەکان لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەرگیراون و مانای قووڵ و فرەڕەهەندیان هەیە. واتە چەند سەرچاوەیەک پێکەوە لە ناوێکدا تێکەڵدەکرێن، دەتوانرێت لەژێر چەند خاڵێکدا پۆلێنبکرێن، لێرەشدا بە شێوەیەکی گشتی هۆکار و سەرچاوەکانی ناونان دەخرێتەڕوو.

### 1-9/1) هەستی نەتەوەیی:

ئەم هەستە بوەتەهۆی سەرچاوەیەکی زۆری ناونان، زۆر لە ناونانەکان لەو جۆرە ناوەن، بۆیە تاکی کورد هەوڵیداوە ئەو ناوانەی، کە دەربڕی ئەم هەستەن، لە ناوی منداڵان و شوێنەکان بنات، ئەم هەستەش بە زۆر شێوە لە ناوە کوردییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، لە ناوی (شۆڕشگێڕان، قارەمانان، کەسایەتیی سیاسی، ڕووداو و کەسایەتییە مێژوویی و نەتەوەییەکان، تێکۆشەران،...) وەرگیراون، کە بۆ پیشاندانی (ئازایەتی، خۆڕاگری، بەرگری، کوردایەتی، قوربانیدان،... ) یان دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی و پاراستنی کورد بووە، بۆیە مرۆڤی کورد هەوڵیداوە (ناوەکان کوردی بن و خواست و ئاوات و مەینەتی و کارەساتەکانی کوردیان تێدا ڕەنگبداتەوە).(شەمس، 2006، 132)، بۆ نموونە: ئومێد، ئازاد، ئاسۆ، ئاوات، هێرش، هێمن، هیوا، بەختیار، بەندی، بەهێز، بڕوا، دیاکۆ، خەسرەو ، تۆڵە، توانا، تێکۆشەر، پۆڵا، پشتیوان، پێشەنگ، پێشەوا، پێشڕەو، داستان، سۆران، دڵزار، دلێر، ڕابەر، ڕزگار، ڕێبین، زانا، نێچیرڤان، کۆسرەت، سەرباز، سەربەست، سەرتیپ، سەردار، مەسعود، نەوشیروان، سەرچڵ، سەرکەوت، سەرهەنگ، کاوە، سمکۆ، بارزان، جەلال، شۆڕش، شاسوار، شێروان، چالاک، چەلەنگ، گوڵان، قارەمان، کامەران، کوردۆ، کوردستان، مژدە، نەبەرد، نەبەز، نیشتمان، هەژار، هونەر، هێدی، وریا، بابان، بۆتان، ڕێباز، دژوار، شێرزاد، شێرکۆ،...

### ٢-٩/١) ئایینی:

لەبەرئەوەی میللەتی کورد زۆربەی موسڵمانە، ئایین کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ناونانەکانی هەیە، یەکێکە لە سەرچاوەکانی ناونان، چ ناوەکانی خودای گەورە بێت، یان ناوی پێغەمبەران و ناو و نازناوی پێغەمبەر (د.خ) و کەسوکار و هاوەڵانی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ئیسلام، وشەی ئایینی... ، بوونەتە سەرچاوەیەک بۆ ناونان، هەروەها بەهۆی کاریگەربوون بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(د.خ)، کە دەفەرموێت: (خیر

الاسماء ماعبد وحمد) واته (باشترین ناو ئەو ناوانەن کە مانای بەندەیی خوا دەبەخشن و باسی حەمد و سەنای خوایان تێدایە). (سدیق ،1990، 164)، ناوی ئاینی بە پیرۆز دانراوە، بۆیە دەبینین میللەتی کورد زۆر لە ناوەکانی لە سەرچاوەی ئاینییەوە وەرگرتووە، وەک: (محەمەد، عەلی، عەبدوڵلا، یوسف، داود، سلێمان، مریەم، عومەر، ئەحمەد، مستەفا، ئەبوبەکر، خەدیجە، فاتیمە، عوسمان، ڕەسوڵ، ئامینە، عەبدولرەحمان، عەبدولرزاق، عەبدولسلام، موسا، عوسمان، حەسەن، حسێن، عائیشە، ئیبراهیم، یەعقوب و ئەیوب، حەج، عەمرە، تەحیات، تەراویح، لەیلەتولقەدر، عەرەفە، مەککە، مەدینە، کافر، حیجاب، جەهەنەم، قیامەت، ئایەت، خەتم،...)، هەروەها لە کوردیشدا هەندی ناوی ئاینی هەن، وەکو: زەردەشت، یەسنا، ئاڤێستا، فریشتە، سروش، مەزدا. (شەمس ، 2006، 132).

### ١/9-٣) سروشت:

سروشت بە شێوەیەکی گشتی بووەتە سەرچاوەیەک بۆ ناونان و کاریگەریی لەسەر ناونانەکان هەیە، ناوی (چیا، شاخ، ڕووبار، گوڵ، دار و درەخت، دەشت، کەشوهەوا، دیاردەی کشتوکاڵی، ژینگە،...) بۆ ناونان بەکاردەهێنرێت، وەک (گوڵاڵە، هەتاو، فێنک، سروە، شەپۆڵ، بڵێسە، سروشت، شەونم، شنە، گزنگ، کانی، لانە، نەورۆز، نزار، هاژە، هەتاو، هەوراز، خونچە، ژاڵە، ڕێحان، سەرگوڵ، سەوسەن، شاگوڵ، شەهلا، چرۆ، چنار، گوڵەباغ، لەنیا، نەمام، نێرگز، هەنار، هێرۆ، ڕووبار، باران، دەریا، چیا، بڵند، دەشتی، شەماڵ، تاڤگە، شەوبۆ، شلێر، زریان، سنەوبەر، کانی، ساماڵ، ڕێژنە، ئاراز، ئەزمەڕ، ئەڵوەند، بێستون، حەمرین، زاگرۆس، زمناکۆ، سەفین، سیروان، قەندیل، قەیوان، مەتین، بەفرین، بەهار، بنار، تەرزە، تریفە، ئەزمەڕ، ئەڵوەند، وەنەوشە، شلێر، هێشوو، ....

### ١/9-٤) زمانی بیانی و جیهانگیری:

زمانی بیانی هۆکارێکە بۆ ناونان، زۆر ناوی بیانی هاتووەتە نێو زمانی کوردی، کە بۆ ناوی منداڵان و شوێنەکان و... بەکاردەهێنرێن، جگە لەوەی کە ناوێکی زۆری بەهۆی زانست و تەکنەلۆجیا و پەیوەندیکردن و ئینتەرنێت و جیهانگیرییەوە، کەوتونەتە نێو زمانی کوری و بەکاردەهێنرێت، وەک: نور، ئیمان، مالیک، ئادەم، ڤینۆس، جەماڵ، جولیا، کەماڵ، سەمیر، موراد، ناسر، ئەمیرە، ...هتد، هەروەها ناوی بیانی لە ناوی باڵەخانە و شوێنە گشتییەکان و شوێنی نیشتەجێبوون،... ڕەنگیداوەتەوە، وەک لە ناوەکانی (گوندی ئینگلیزی، گوندی ئەڵمانی نیوستی، های ستی، هاپی تایم، ئەکوا پارک، مۆدێرن ستی، دریم ستی، سوپەرمارکێت، مۆڵ...) دەردەکەوێت. هەروەها ناوی بیانیش لە ناوی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکانی ئەنتەرنێتیش دەنرێت، وەک: (کوردسات نیوز، کوردستان نێت، کوردستان پۆست، کورد نیوز، پۆلەتیک، ...هتد، یان وەک: (ئۆتۆمبێل، موبایل، لایک، سایت، سویچ پلاک، غرتاس، ماتۆڕ، سەندویچ، فینگر، سوکان، ڕادێتەر، فلتەر، ...)، ئەمەش وایکردووە، کە ناوێکی بیانی زۆر لە بوارە جیاوازەکاندا لە نێو زمانی کوردیدا هەبێت.

**٥-9/١) ناوی کەسایەتییەکان لە بوارە جیاوازەکاندا:**

زۆرجار خەڵک بە کەسایەتییە دیارەکان کاریگەرە، ئەم کاریگەرییەش دەبێتەهۆی هەوێنی ناونانەکانی و ناوی ئەو کەسێتییانە بۆ ناونانەکانیان هەڵدەبژێرن، جۆری کەسێتییەکانیی جیاوازن، دەکرێت کەسێتییەکان، کەسێتیی: ( سیاسی، مێژویی، نەتەوەیی، ئەدەبی، هونەری، میدیا و ڕاگەیاندن، جیهانی، ئەکتەرەکان، ...)بن، بۆنمونە: ناوی جیهانی: (مانی، کاسترۆ، ماندێلا، گیڤارا، ڕۆناڵدۆ، میسی،...)، کەسێتی سیاسی و مێژویی و نەتەوەیی (قازی، پیران، مەسعود، جەلال، ئاپۆ، نەوشیروان، کۆسرەت، بارزان، هێرۆ، نێچیرڤان..)، شاعیران (نالی، سالم، کوردی، گۆران، هێمن، هەژار، نامی، پەشێو،...)، بەرهەمی ئەدەبی (شیرین، فەرهاد، مەم، زین، خەج، سیامەند، ڕێژنە،

زریان،...)، ناوی هونەرمەند (کامەران، زیرەک، زەکەریا...)، ناوی کارەکتەری درامای بیانی( هاین، ژوانیۆ، هێلین...)، ...

**۱۰/۱-٦) ناوی کات و شوێن و مانگ:**

سەرچاوەیەکی تری ناونانە و میللەتی کورد لە ناونانەکانیدا هەڵیبژاردووە، وەک: شەوگار، هەتاو، سپێدە، بەهار، هاوین، زستان، بەیان، جومعە، نەورۆز، بەهار، ئامەد، سۆران، سەردەشت، ڕەمەزان، شەعبان، سەفەر، سەرچنار، چۆمان، شنۆ، جوانڕۆ، ئەزمەڕ، بێستون، هەڵگورد، بۆتان، ئەردەڵان، دەرسیم، زۆزک، زاگرۆس، سەفین، مەریوان، هەورامان، بێخاڵ، مەهاباد، ...هتد. هەروەها ناوی شوێنی بیانیش وەک: (پاریس، لەندەن، ڕۆما، ...) لە ناونانەکاندا ڕەنگیداوەتەوە.

**۱/9-۷) بەناوکردنەوە:**

زۆرجار لەبەر خۆشەویستی و مانەوەی ناو، ناوی بنەماڵە و خێزان و کەسی نزیک و خۆشەویست بۆ ناونانەکان هەڵدەبژێرین، بۆئەوەی ناوەکان وەک یادگارییەک بمێننەوە و لەبیرنەچن، جا بەهۆی مردن و لەدەستدانیانبێت، یان سۆزی خۆشەویستی بێت، ناوی (باوک، برا، خوشک، باپیر، دایک، یان کەسێکی خۆشەویست،... ) لە منداڵان دەنێن، بۆئەوەی ئەو ناوە بە زیندوویی بمێنێتەوە.

**۱/9-۸) خەون:**

خەون هۆکارێکی دیکەی ناونانە، هەندێکجار کەسێک خەون دەبینێت، لە خەونەکەیدا پێیدەڵێن، کە منداڵەکەی بوو، ناوی (فلان)ی لێبنێت، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی ئەو ناونانە و دواتر کەسەکە بەو ناوەوە ناوی منداڵەکەی دەنێت، کە لە خەونەکەدا پێیوتراوە.

**9/١-٩) سەروا و ئاواز:**

ئەمەش هۆکارێکی ترە، چونکە خەڵکی هەوڵدەدات، ناونانەکانی لەڕووی سەروا و ئاوازەوە لەیەک نزیکبێت، جا لەگەڵ ناوی باوکەکەدا یان خوشک و براکان هاودەنگبن، بۆیە (هەندێک جار دایکان و باوکان ئەو ناوانە بۆ منداڵەکانیان هەڵدەبژێرن، کە هاوئاهەنگی دەنگیان هەبێت). (Rasekh & Ahmadvand, 2012,130)، واتە لەڕووی دەنگەوە هاوئاهەنگبن. بۆ نموونە باوکێک ناوی (هێمن)ە منداڵەکانی ناوناوە (هەنی، هێما، هێڤی) سەرەتای دەنگی ناوەکان هاوئاهەنگن، یان خێزانێک ناوەکانی (دینا، لینا، سینا، سۆما)ی لە منداڵەکانی ناوە و ناوەکان هاوسەروا و ئاوازن، ئەوەی لێرە بووەتە سەرچاوە و هۆکاری ناونانەکان سەروا و ئاوازی ناوەکانە.

**9/١-١٠) هۆ و سەرچاوەی تر:**

جگە لەو سەرچاوە و هۆکارانەی باسکران، هۆکاری دیکە بۆ ناونانەکان هەن، بۆ نموونە کۆچکردن و دەربەدەری، ناوەکانی وەک: (کۆڕەو، ئاوارە، کۆچ، ...هتد) هێناوەتەئاراوە، هەروەها نەتەوەی کورد ناوی دابەشکردووەتە سەر ڕەگەزی نێر و مێ، کۆمەڵە ناوێک هەن تایبەتن بە ڕەگەزی نێر، کۆمەڵە ناوێکیش بە ڕەگەزی مێ. هەندێکجار ناوی باڵندە و ئاژەڵیش بەکارهێنراوە، وەک: (هەڵۆ، شاباز، شاهێن، شێرە، ئاسکە، قومری،...). هەروەها کردە کشتوکاڵییەکانیش سەرچاوەیەکی تری ناونانن،(شەمس، ٢٠٠٦، 131). وەک: ئاودێر، باخەوان، بژار، بێری، پەرژین، پەرێز، جوتیار، ڕەنج، ڕەنجبەر، ڕەنجدەر، ڕەوەند، شاخەوان، شوان، چێنەر، هەوار، هێشوو،....

دەتوانرێت ئەو ناوانە بەکاربهێنرێت بۆ ناوی تایبەتی مرۆڤ، گەڕەک و کۆڵانەکان، قوتابخانە و خوێندنگاکان، شوێنە گشتییەکان، شوێنی کار، شەقام، ڕۆژنامە، گۆڤار، ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان،... هتد. واتە دەتوانرێت ئەم ناوانەیان لێبنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە پێداگری لەسەر ناوە کوردییە ڕەسەنەکان

بکرێت و گرنگی بە مانا و ناسنامەی کوردی بدرێت لە ناونانەکاندا، چونکە ناوە کوردییەکان بەشێکن لە کەلەپووری کوردی و کەلتوری ناولێنانی کوردی و چیرۆک و مێژووی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ پاراستن و بەهێزکردن و زیندووڕاگرتنی ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردی گرنگن.

## ئەنجام

1. پێواژۆی ناونان پرۆسەیەکی گرنگی زمانە و تایبەتە بە مرۆڤ، مرۆڤ بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوەی شتەکان و پێدانی ناسنامە بە خودی خۆی، ناوی لە شتەکان و خۆی ناوە.
2. پێواژۆی ناونان لە ناو میللەت و گەل و نەتەوە و کۆمەڵگەکاندا جیاوازە، چونکە هەموو یەکێک لەوانە دنیابینی و دابوونەریت و کەلتوری تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ ناونان، بۆیە دەبینین، ناوەکان لە ناو نەتەوە و کۆمەڵگەکاندا جیاوازە و وەک یەک نییە، هەمان شت و دیاردە لە نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی تر ناوی جیاوازی هەیە.
3. ناوەکان ڕۆڵی گرنگیان لە پاراستن و گەشەکردنی زماندا هەیە، چونکە بەشێکی گرنگی زمانن و بەردەوامیش ناوی نوێ لە زماندا دێتەئاراوە، بە تایبەتیش ئەگەر ناوەکان بە زمانی ڕەسەنی کوردی بن.
4. ناوەکان ڕەنگدانەوەی کەلتوری کۆمەڵگان و کاریگەریی کەلتور و کۆمەڵگاشیان لەسەرە، ئەو کاریگەرییەش لە ناوەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە ناوەکان بەشدارن لە ناساندن و پاراستن و گوێزانەوەی کەلتوردا، دەتوانین لە ڕێگەی ناوەکانەوە درک بە چۆنیەتی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بکەین، زانیاری لەسەر هزر و بیر و دابونەریت و کەلتوری مرۆڤەکان و کۆمەڵگا وەرگرین، ناوەکان هەڵگری بیرو ڕەفتار و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤن.



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

5. بەهۆی پێشکەوتنی جیهان و زانست و تەکنەلۆجیاوە، بەردەوام کەرەستە و چەمکی نوێ دادەهێنرێت، واتە ناوی نوێ دێتەئاراوە، ئەم ناوانەش بە زمانی بیانین، ئەگەر بەرانبەریان وشە و ناوی کوردی دانەنرێت، ئەوا بە ناوە بیانییەکەیەوە دێتە نێو زمانی کوردییەوە، بە تایبەتیش لەم سەردەمی تەکنەلۆجیا و جیهانگیرییەدا ناوێکی زۆری بیانی هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە، بوونەتە ئاڵنگارییەکی جددی لەسەر زمانەکە.

6. ئەو سەرچاوە و هۆکارانەی کە دەبنە هۆکاری ناونان زۆرن، بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە: (هەستی نەتەوەیی، ئاینی، سروشت، زمانی بیانی و جیهانگیری، ناوی کەسایەتییەکان لە بوارە جیاوازەکاندا، ناوی کات و شوێن و مانگ، بەناوکردنەوە، خەون، سەروا و ئاواز... هتد) جگە لەمانەش هۆکاری تریش هەن.

**سەرچاوەکان:**

**ا- بە زمانی کوردی:**

برزو، ئومێد بەرزان، ٢٠٢٠، توێژینەوە زمانەوانییەکان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی جنگل، تاران، ئێران.

بارام، حەسەن، 2017، جیهانگیری لەڕوانگەی جیاوازەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی.

تەنیا، ئیسماعیل، ٢٠٠٨، بزربوونی ناوی کوردی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

سدیق، فاروق عومەر ، 2011، لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

سەفەوی، کورش ، 2006، چەند لایەنێکی واتاسازی، وەرگێڕانی دلێر سادق کانەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

سمایل، عەباس سلێمان ، ٢٠٠٤، مێژووی ناسناو و ناوی مرۆڤی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

سمایل، عەباس سلێمان ، 2008، ناوە کوردییە دێرۆکیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،

شوانی، ڕەفیق، ٢٠١١، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکام، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

زامدار، مەحمود ، 2011، گەردانی ناو لە ناو زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

دزەیی، د.عەبدولواحید موشیر،2009، کاریگەری دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا (لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتکی و پراکماتیییە)،چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

دزەیی، عەبدولواحید مشیر ،2010 ، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

دزەیی، عبدلواحید مشیر ، 2015، زانستی سیمانتیک، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

حاجی مارف، ئەوڕەحمانی ، ١٩٧٩، ڕێزمانی کوردی، مۆرفۆلۆژی، ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغد.

خاڵ، شێخ محەمەدی ،2005، فەرهەنگی خاڵ. چاپی دووەم، دەزگا و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

جێرمان، کلۆد و لۆبلان، ریمون،2006، واتاسازی،وەرگێڕانی: د.یوسف شەریف سعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

عەبدلرەحمان، محسن ،٢٠٢١ ، ناڤێن کوردی د هەڤگرێکا نەتەوەیی دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

عەزیز، حوسێن محەمەد.2005، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردیی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

عەلی، د.تالیب حوسێن ، ٢٠١١، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

قانیع، مەریوان وریا ، ٢٠٠٤، شوناس و ئاڵۆزی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

مەحویی، د. محەمەدی ، 2008 ، زانستی هێما هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

مستەفا، د.مستەفا ڕەزا ، ٢٠٢١، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی زمانی کوردییەوە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

محەمەد، پێشکەوت مەجید ، 2023، خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا(ژەهری زمانی بە نموونە)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

محەمەد، دارا حەمید ، 2010، واتاسازی هەندێ لایەن لە سیمانتیک و پراگماتیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی ژیر، سلیمانی.

مەنتک، حەمە ، ٢٠١٧، سیمۆلۆژیای ناونیشان ناونیشانی ڕۆمانی کوردی بە نموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

هەرشەمی، شاسوار ، 2009، هەندێ زانیاری گشتی لەبارەی زمانەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

یاسین، ئەلسەید ،٢٠٠٧، جیهانێتی و جیهانگیری، وەرگێڕانی: ئەحمەد قادر سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان.

**ب- نامەی ئەکادیمی:**

ئەوڕەحمان، ئالان محەمەد ، 2015، پەرچەواتا لە بۆتەی کۆزمانەوانیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی

شەمس، هێمن عەبدولحەمید ، 2006، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

سعید، بێخاڵ عبدالله ،1989، واتاسازی وشە،نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

حەسەن، تابان محەمەد سەعید ، 2008، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی

عەزیز، ڕێژنە ئیسماعیل ، 2008، ناونان و هەست لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

عەبدولڕەحیم، عوسمان کەریم ، 2014، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی

عبدالله، کوێستان علی ، ٢٠٢٢، بەجیهانیبوونی کولتوور و کاریگەریی لەسەر ناسنامەی گەنج، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی.

غولام، هێژا کمال محەمەد ، 2016 ، سەنگ و بەهای بیر لەیەکگرتنی ناولێنراو بە ناولێنەرەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی

فەرەج، شاخەوان جەلال ، ٢٠١١، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

نەریمان، بەهمەن تاهیر ،٢٠١٣، کاریگەریی قورئان لەسەر زمانی کوردی، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**پ- گۆڤارەکان:**

ئەحمەد، ڕێکار ، 2023 ، زمان وەک ناسنامەی نەتەوەی بێ دەوڵەت، گۆڤاری زمان و زار، ژمارە 8، ل ل 85-96.

برزۆ، ئومێد بەرزان ، 2020، کردەی ناولێنان و ناولێنانەوە لە دنیابینی تاکی کوردا، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگ 5، ژمارە2.

داودی، ئەمین، ٢٠٢٤، مەیلی خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستان بۆ هۆکاری جیهانگیری و ئابوری و سیاسی دەگەڕێتەوە، گۆڤاری زمانەوانی، ژمارە ٣، لاپەڕە ٢٢.

سلێمان، ئازاد عەزیز و سەعید، یوسف شەریف ، ٢٠٢١، زمانی ڕاگەیاند لەنێوان گەشەی زمان و ناسنامەی نەتەوەییدا(کەناڵی ئاسمانی بە نموونە )، مجلةپولتيكيك للعلوم الانسانية والاجتماعية، بەرگی دووەم، ژمارە ١، ل ل ١٣٦-١٥١.

فرهادی، ساجیده عبدالله ، ٢٠١٤، واتای وشە لەنێوان دیدی دی سۆسێر و هالیدادا، مجلد الاستاذ،العدد ٢١١، المجلد الاول.

کەریم، هێرش ، ٢٠١٠، پەیوەندی زمان و کۆمەڵگا، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ١٢، ل ل ٢٢-٤٢.

کاکەیی، هیاس مەحمود ،٢٠٢٢ ، زمان لە چوارچێوەی داگیرکردندا، گۆڤاری زمان و زار، ژمارە ٤

حەسەن، فەرهاد عەزیز ، ٢٠١٩، پێگەی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژمارە ٤، ل ل 435-478

حسین، ڕێژنە معروف و حەمەدئەمین، شنۆ عەولا ، ٢٠٢٠، تەکنەلۆژیا و دەروازەیەک بەڕووی کرانەوەی فەرهەنگدا ، مجلةجامعة کرکوک/ للدراسات الانسانیة، المجلد ١٥، العدد ١.

عەلی، کازم عەباس ، ٢٠١٦، زمانی کوردی لە نێوان بایەخ پێدان و بێ بایەخکردندا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 231. ل ل134-140

عەساف، هیوا ، 2024،جیهانبینی کۆمەڵ و پرۆسەی ناونان، گۆڤاری زانکۆ پرێس، ژمارە 50

عەبدوڵلا، ڕۆژان نوری ، ٢٠٢٠، هێمای بازرگانی و ناولێنان لە تابلۆی شوێنکاردا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان، بەرگی ٣، ژمارە ٢،

عمر، د. محمد فاروق ، 1990، ناوی تایبەتی مرۆڤ لە زمانی کوردی و چەند زمانێکی تردا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە 125، وەرزی بەهاری 1990.

عەبدولڕەحمان، باخان سەرحەد و سەعید، محەمەد مەجید ، 2019، ژەهری زمانی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی ٦، ژمارە ٣

غەریب، نالی ئەدهەم، ٢٠٢٤، ستراتیژی کارکردنی زمانی تەکنۆلۆژیا پەیوەست بە تیۆری بۆشاییە ئاوازییەکانەوە، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیییجی، ژمارە 10.

غەریب، دڵشاد محەمەد و نادر، کاظم حسیب، لەناوبردنی وشە و زاراوەی کوردی ، العذد الخاص بالمؤتمر العلمي الثالث لسنة 2015، مجلة الأستار ص ص 775-790

مستەفا، ڕەزا مستەفا، 2023، ئاڵنگارییەکانی بەردەم زمانی کوردی(هەرێمی کوردستانی عێراق بە نموونە )، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین،بەرگی ١٠، ژمارە ١. ل ل 432-464

محمد، دارێژ وریا ، ٢٠٢٣ ، توخمە کلتوری زمان(ڕوانینێکی مرۆڤناسی)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ل ل ٢٥٩-٢٨٢

محمد، پ.د. هیمداد عبدالقهار ، ٢٠٢٤، پاراستنی ئاسایشی زمانەوانی و بایەخی زمانی دایک، گۆڤاری زانکۆ پریێس ، ژمارە ٤٩.

مجید، سالار فائق ، 2019، وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی 6 ، ژمارە 1.

**پ- بە زمانی عەرەبی:**

القرءان الكريم، البقره: 31

حميد، أحمد مختار ،1998 ، علم الدلالة، الطبعة الخامسة، علا الكتب، القاهرة.

**ت- فارسی:**

اکبر امامی، علی و یوسفی نژاد، حجت ، 1397، رابطه لفظ و معنا در زبان فارسی ،رشد اموزش زبان و ادب فارسی، دوره 31، شماره 3، 1397 . صص 56-58

آني زاده، علي و چهري، بهروز ، 1392، نقش مجموعه هاي تلويزيونى در فرهنگ نام گزينى، فصلنامه فرهنگ مردم ايران ، شماره 34، صص 9-28.

زندى، بهمن و ميرمكرى، منيژه ، 1396، روند نام گذارى فرزندان در شهر مهاباد از ديدگاه زبان شناسى اجتماعى، فصلنامه مطالعات زبان و گويش هاى غرب ايران، دانشكده ادبيات وعلوم انسانى، دانشگاه رازى كرمانشاه، سال(5)، شماره(19) صص 1-18

دانش، يونس و قربانى، على اكبر ، 1396، بررسى عوامل اجتماعى فرهنگى موثر نام گزينى كودكان توسط خانواده هاى ايرانى (مطالعه موردى استان هرمزگان)، دو فصلنامه مشاركت و توسعه اجتماعى، دوره(3)، شمار(5). صص87-109

حصاريان، محمدباقر ميرزايى ، 1400، نام شناسى اشخاص در درسنامه‌هاى أزفا: واكاوى و ارزيابى، فصلنامه زبان شناسى اجتماعى، دوره 4، شمار 4، صفحات59-70

حسين، سيد محمود نجاتى و افشار، سميه ، تحول نامگذارى فرزندان در شهر تهران، 1388، پژوهش جوانان، فرهنگ و جامعه، شماره سوم، ص ص 142-158

كشانى، دريامهر ، 1386، كنسرسيوم و هدايت تكنولوژى، ششمين همايش مراكز تحقيق و توسعه صنايع و معادن (٥-٤).

شهرام نيا، سيد امير مسعود ، 1392، جهانى شدن دموكراسى و جنبشهاى دموكراتيک در ايران، مجله جامعه شناسى ايران دوره چهاردهم شماره ٣ ، ص ٥٢-٨٨

عبدى، عباس ، 1378، تحول نامگذارى كودكان تهرانى(1345-1374)، چاپ اول، نشر حنانه، تهران.

طيب، دكتر محمدتقی و علینژاد، بتول ، 1382، بررسی گرایشهای جدید نامگذاری در اصفهان از دیدگاه زبان شناسی، مجله علمی–پژوهشی دانشکده: ادبیات و علوم انسانی، دوره دووم، شماره سی و دوم وسی و سوم، ص ص 23–58

مسعودی پور، سعید ، ۱۳۹۹، بررسی جایگاه زبان فارسی در نام های تجاری محصولات ایران تبلیغ شده در رسانه ملی، دو فصلنامه علمی اندیشه مدیریت راهبردی(اندیشه مدیریت) مقاله پژوهشی ، سال چهاردهم، شماره دوم (پیاپی 28)، ص ص ۵۸۵–۶۱۳

**به زمانی ئینگلیزی:**

Akinnaso, F.niyi, march 1981, *names and naming prrinciples in cross-cultural perspective*, names A journal of Onomastics, 29 (1) ,Pp 37-63

Alshehri, Somaya Ali Mohammed, 2023, *The Relationship between Language and Identity*, International Journal of Linguistics, Literature and Translation, *6(7):Pp156-161*

Rasekh, Abbas Eslami & Ahmadvand, Mohammad, 2012, *What is in a name? A Short Survey on the Sources and the Factors Affecting the Act of Name-Giving*, Journal of Sociological Research, Vol. 3, No. 2

Zerkina, Natalya N. & Olesya V. Kisel & Vladimir V. Mikhailov & Oksana A. Lukina , March 2018، Historical and Social Background of English Name Giving Process, Arab World English Journal (AWEJ) Volume 9. Number 1., Pp. 88-96

Saparniyazova, Muyassar & Sabirova, Mukhlisa, (2023) , *National and Cultural Features of Creating a Name (Naming) in the Language*, *JOURNAL OF LAW AND SUSTAINABLE DEVELOPMENT*, v.11, n. 12, Pp: 01-14

SALIM HAJI, ASAF MOHAMAD and BARANY, LAZGIN KHEDER, 2023, *KURDISH PERSONAL NAMES AND IDENTITY: HOW THE KURDS THINK OF THEIR PERSONAL NAMES* , Journal of University of Duhok.,Vol. 62, No.1

Snae, Chakkrit and Brückner, Michael, 2006, *Concept and Rule Based Naming System,* Issues in Informing Science and Information Technology, Volume 3

Jaber, Rajaa Sabbar (PhD),2022 , *Language and Identity in Iraqi Arabic*: *A Gender-Based Study*, International Journal of Linguistics, Literature and Translation, (2) 5 , Pp 81-92.

# Index Of Published Research

## Quranic Sciences Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effects of Contemporary Atheism on Societal Life and Ways to Prevent It | Taghlub Khalil Ibrahim<br>Prof. Dr. Muhammad Khalil Ibrahim | 1-45 |


## Psychological and Educational Sciences Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effect of the Dual-Situation Learning Model (DSLM) on the Achievement of Fifth-Grade Literature Students in the Holy Quran and Islamic Education Subjects and the Development of Their Systematic Thinking | Ali Assistant Lecturer Hussein Abdullah Ibrahim | 46-76 |
| 2 | The impact of the aquarium strategy in the processing of fifth grade students ' literary information in the history subject and the development of their lateral thinking. | Dr. Ismail Hammash<br>Jassim | 77-113 |


## Geographical Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The effect of dams on sustainable rural development, a case study of the Shian Dam, Kermanshah province, Iran | Aeizh Azmi<br>Asst. Lect. Dedar Aswad Ali<br>Asst. Lect. Taeb talb hamakhan | 114 -141 |

## Historical Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The scientific output of the scholars of the Maghreb and Andalusia in the field of authorship through the book “Deaths of Notables and News of the Sons of Time” by Ibn Khallikan (d. 681 AH/1282 AD) | Sahera Fadel Awad Shasho<br>Prof. Dr. Azal Ibrahim Hussein | 142-183 |
| 2 | British Policy Towards Egypt, 1914–1936<br>A Historical Study | Asst. Lect. Medhat Hammash Jassim | 184 - 211 |
| 3 | The Pollution Of The Shatt Al-Arab Waters By The Oil Of The Anglo-Persian Oil Company And Its Impact On Ottoman-British Relations Before World War I: A Study Through Documents. | Aedan Shabib Salim AL-Sabahy | 863-885 |


## Turkish Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Analysis of The Poem “Our Old Mansion” By Nesrin Erbil | Elaf Salar Anwar<br>Asst. Prof. Goran Salahattin Şükür | 212-236 |
| 2 | A Comparative Study Between Turkish and Kurdish Proverbs | Asst. Lect. Iman Azad SADEQ | 237-257 |
| 3 | A Research On Sultan Muzafereddın Gökbörü’s Hıstorıcal Contrıbutıon To The Erbıl Regıon | İnas Salar Enver<br>Dr. Naznaz Bahjat Tawfeq | 258 -272 |
| 4 | Dverbial Participle Suffixes In Turkish And The Behdini Dialect Of Kurdish | Halabshima Mohammed Shareef<br>Assit.Prof. Dr. Karwan Salahalddin Shukur | 273- 298 |
| 5 | A Comparison of Consonants between Turkish (Turkey Turkish) and Iraqi Turkmen Turkish (Erbil Dialect) | Zaınab Sadeq Saber<br>Assist. Prof. Dr. Hazım Burhan Mustafa | 299-327 |
| 6 | Socıal And Moral Degradatıon In Rıza Çolakoğlu’s Poems | Naznaz Adnan Semin<br>Assist. Prof. Goran Salahattin Şükür | 328-364 |
| 7 | A Socıo-Polıtıcal Study On | Huda İbrahim | 365-389 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | Kemal Beyatlı's "Mecehamal" Story | Assist. Prof. Dr. Goran Salahattin Şükür | |


## Arabic Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effect of the Dual-Situation Learning Model (DSLM) on the The effect of the active learning-based letter box strategy on developing reading skills among second-grade primary school students | Dr. Ali Ahmed Hussein Hamad Al-Sabaawi | 390-429 |


## English Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Philip Ridley's Dystopian Gothic: Childhood Trauma And The Post-9/11 World | Ala'a Muwafaq Mustafa AL-Khazraji | 430-457 |
| 2 | The Theme of Wasteland in Allen Ginsberg's "Howl" | Assist. Prof. Hussein Kadhum Challab | 458-472 |


## Kurdish Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The origin of Linguistic Ideology in the Structure of the Kurdish Language | Asst. Lect. Edris Hamamurad Majid Prof.Dr. Karwan Omar Qadir | 473-500 |
| 2 | Rebellion in then Poems of (Abdulla Pashew) | Ahmed Sadeq Khorsheed Assist. Prof. Dr. Izzadin Saber Mohamed | 501-524 |
| 3 | Social Issues and Problems " in the Novels of Ata "Muhammad | Wrya Burhan Noori Assit. Dr. Ashti Hussein Arif | 525-548 |
| 4 | Reflection of mental conflict in Bakhtiar Ali's novel (Palace of Sad Birds) | Avin Abdulqadir Khalifa Assit. Prof. Kwestan Jamal Salam | 549-652 |
| 5 | Causes of Pessimism in Ahmad Hardi's Poetry | Amjad Rahman Qadir Prof. Dr. Sardar Ahmad Gardi | 653-582 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 6 | Language processing in a bilingual mental lexicon | Dr. Bakhan Sarhad Abdulrahman<br>Dr. Tanya Ismael Hama Amin | 583-624 |
| 7 | Praise in the Kurdish poems of Sheikh Raza Talabani | Jegr Qadir Omer<br>Prof. Dr. Sardar Ahmad Gardi | 625-681 |
| 8 | The elements of place and unfamiliar in both (The red palace ) and (a child on the moon) the novel of (Hiwa kader) | Rebaz qadir yaseen<br>Prof. Dr. Mahdi Fatih Omar | 682-713 |
| 9 | Language acquisition and learning in children in the Sulaymaniyah and Hawrami dialects | Salm Hassan Aziz<br>Prof. Dr. Baker Omer Ali | 714-750 |
| 10 | Learning a Second Language Through Mental Imagery English as an Example"" | Prof. Dr. Abduwlwahid mushir Mahmood<br>Dr. Rezhna saefaddin hasan | 751-777 |
| 11 | New Historicism Criticism and Its Application in Miran Abraham's Novel Nishtmani sara | Kanyaw Bakr Abdulla<br>Prof. Dr. Shno Muhammed Mahmwd | 778-807 |
| 12 | The Naming process in the Preservation Kurdish Language | Hemin Qadir Mahmood<br>Assist. Prof. Dr. Mustafa Raza Mustafa | 808-862 |

Kirkuk University Journal for Humanities Studies

Volume (20) Issue Two - Part One - September 2025

Issued by the College of Education for Human Sciences, Kirkuk University

# Kirkuk University Journal for Humanities Studies

A peer-reviewed quarterly journal from the College of Education for Humanities, University of Kirkuk

A quarterly magazine issued by the
College of Education for Human Sciences
Kirkuk University

issn 1992 - 1179

Postal address
Iraq/ Kirkuk/ Kirkuk University
P.O. Box: 2281 and Zip Code: 52001